# کرۆنۆلۆژی

# ئەدەبیی

# جیهان



کۆکردنەوە و وەرگێڕانی لە ئاڵمانییەوە نادر فەتحی (شوانە)

سەرچاوەی زانیارییەکان: کتێبە کلاسیکەکانی جیهانی ئەدەبی

خاکەلێوەی ٢٠١٧ی زایینی، ئاڵمان

Email: redaktion@rojhalat.de

www.rojhalat.de

## پێرست:

پێشەکی: ........................................................................4

**سەردەمی کەون "ئەنتیکە":** (٢ هەزار ساڵ پێش زایین تا ٥٠٠ ساڵ دوای زایین)........................................................................5

حەماسەی گیلگامێش ........................................................................5

هۆمێر ........................................................................8

ئێزۆپ ........................................................................12

سێزار، گایۆز ژۆلیۆس........................................................................15

ویرژیل ........................................................................17

ئۆڤید........................................................................19

تاسیتوس، پوبلیوس کورنلیوس........................................................................22

ئاگۆستینۆس ئۆرلیۆس ........................................................................24

هێرۆدۆت........................................................................27

**سەردەمی سەدەی ناوەڕاست** (ساڵی ٥٠٠ی زایینی) ..............................30

بیۆلف ئۆت بیۆلف........................................................................30

مۆرازاکی شیکیبوو ........................................................................32

هەزار و یەك شەو........................................................................34

سروودی نیبلۆنگەکان........................................................................37

گۆتفرید فۆن شتراسبۆڕگ ........................................................................39

وۆلفرام فۆن ئێشنباخ ........................................................................41

چاوسر، جفری........................................................................43

دانتە ئالیجیری........................................................................46

**سەردەمی ڕێنسانس (٦٠٠ - ١٥٠٠)** ........................................... 48
بۆچاسکۆ جیۆڤانی ........................................................................ 48
برانت سباستیان ........................................................................ 50
ماکیاولی نیکۆلۆ ........................................................................ 52

## پێشەکی:

ماوەیەکی زۆر بوو ئارەزووم بوو نووسراوە کلاسیکیە ئەدەبییەکانی جیهان بە پێی کرۆنۆلۆژیەکەیان کۆکەمەوە و کورتە زانیارییەکیان لە پەنا بنووسم. دیارە مەبەستم لە کارێکی ئەوتۆ تەنیا ڕاکێشانی سەرنجی لاوانی کورد بە مەبەستی دروستکردنی فەرهەنگۆکێکی کلاسیکی مێژووی ئەدەبی جیهانیە، هیوادارم بەو کارە بتوانم یارمەتی بە زانیاری گشتیی گەلەکەم بکەم.

لەو ڕۆژانەدا چاوم بە کتێبێکی فەرهەنگی ئاڵمانی بە ناوی کلاسیکەکانی ئەدەبی جیهان "دوودن" کەوت و هاتمە سەر ئەو بڕیارە لەو کتێبە وەك نموونەیەك کەڵك وەرگرم و خۆم لەسەر ئەو زانیارییانەی لە ئینتێرنێتدا لەسەر کارە ئەدەبیەکان بڵاو کراونەوە زانیاری تری لێ زیاد کەم.

هیوادارم بتوانم بە شێوەیەکی ڕێك و پێك ئەو کارە بە کۆتایی بگەێینم. هەوڵ دەدەم سەردەمی کاتیی ئەو کارە ئەدەبییانە بە پێی کاتی نووسینیان و ڕێکەوتەکەیان بەدوای یەکتردا بێنم.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم دەستخۆشی و سپاسی کاك ئەنوەر سوڵتانی بکەم کە بۆ ئەو کارە هانی داوم، پێداچوونەوەی بەسەر نووسراوەکاندا کردووە و هەڵەکانی بۆ ڕاست کردوومەتەوە. هیوای سڵامەتی و سەرکەوتوویی بۆ دەکەم.

ئەم نووسراوەیە وەك زنجیرە بابەت هەر حەوتووی بەشێکی لە ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات - بۆکان بڵاو دەبێتەوە.

نادر فەتحی (شوانە)، خاکەلێوەی ٢٠١٧ی زایینی، ئاڵمان

## سەردەمی کەون "ئەنتیکە": (٢ هەزار ساڵ پێش زایین تا ٥٠٠ ساڵ دوای زایین)

حەماسەی گیلگامێش: "OT Scha naqba imuru" (ئەو هەموو شتێکی بینیوە)

**حەماسەی گیلگامێش** "Gilgamesch"- گیلگامێش وەك یەکەم حەماسەی مەزنی ئەدەبی جیهان لە ئەژمار دێ و هاوکاتیش کارێکی ئەدەبیی گرنگی بابێلییەکانە و لە سەردەمی خۆیدا زۆر ناوبەدەرەوە بووە، بەتایبەت زانیاری لەسەر شاری ئوروك "Uruk"[1] و زەمانی سۆمێرەکان کە لەو حەماسەیەدا باسیان لێوە دەکرێ، دەخاتە بەرچاوی خوێنەر. شاری ئوروك کەم تا کورت وەك بێشکەی ئەدەبیاتی جیهان ناسراوە.

گیلگامێش شای شاری ئوروك بووە لە میزۆپۆتامیا کە لە مابەینی ساڵەکانی ٢٧٥٠ و ٢٦٠٠ی پێش زایین پاشایی کردوە. کورتە حەماسەکە، بە شێوازی شیعر سەبارەت بە گیلگامێش بە زەمانی سۆمێری لە سەردەمی سێهەمین خانەدانی حاکمانی شاری ئوروك دۆزراوەتەوە. بەهۆی ئەو زانیاری و نووسراوانەوە، شاعیرێکی سەردەمی بابیلییەکان نیزیکەی ١٢٠٠ ساڵ پێش زایین بە تێکەڵاوییەك لەگەڵ زەمانی ئاکادییەکان بابەتێکی نووسیوە. دەقێکی ئەو نووسراوەیە بە شێوازی تەتەڵەی گڵی بە شێوە خەتی بزماری لە پەرتووکخانەی ئاشووریەکان و شای ئاشوور ئاشووربانیپال (Assurbanipal) (٦٦٩ تا ٦٢٧ ی پێش زایین)، دۆزراوەتەوە. یەك لە نووسراوە دۆزراوەکان لە هەمان پەرتووکخانە، نووسەری ئەو نووسراوەیە بە قەشەیەکی ئایینی مەسیحی بەناوی زینلەقە ئۆنینی "Sinleqe-uninni" دەناسێنێ.

نووسراوەکە نیزیکەی ٢ هەزار ساڵ وون ببوو، بەڵام لە ساڵی ١٨٧٢ دا لە لایەن جۆرج شمیت "George Smith" کەونارناسی ئینگلیزییەوە دۆزرایەوە.

---

[1] ئوروك کە ئەمرۆ "وارکا"ی پێ دەگوترێ، لە بیست کیلۆمیتری ڕۆژهەڵاتی چۆمی فورات لە وڵاتی عیراق جێی گرتووە.

بۆ بە فەرمیکردنی حکوومەتی شای گیلگامێش لەو سەردەمەدا، کە خۆی دوو لە سێ بە خودا و یەك لە سێ بە مرۆڤ زانیوە، خوداکان یارمەتیدەرێك بە ناوی ئینکیدۆ "Enkidu" یان بۆ کونترۆڵ بەسەر کۆمەڵگای شاری ئوروکدا بۆ ناردووە کە دەبێ ئاژەڵ - مرۆڤ بووبێ. ئەو فیگۆرە دەبێتە دۆستی گیلگامێش و پێکەوە کێشکچی لێرەواری سەدر لە لوبنان دەکووژن و سەدری پیرۆز دەخولقێنن.

گیلگامێش بە فەرمانی ئیشتار"Ischtar" خوای خۆشەویستی، دەبوایە بۆ زەماوەندی پیرۆز بگەڕێتەوە ئوروك. بەڵام کاتێ دەگەڕێتەوە، پێشنیارەی ئیشتار قەبووڵ ناکا و گوێ لێ ناگرێ. دوای ئەو ڕووداوە گیلگامێش و ئینکیدۆ بە جووتە لە لایەن خوداکانەوە ناچار دەکرێن دژ بە گای ئاسمانی بەشەڕ بێن. لەسەر بڕیاری شوڕای خودایانی دلْپیس، ئینکیدۆ دەمرێ. گیلگامێش لە مردنی ئینکیدۆ زۆر پەشێو دەبێ و خەمی بۆ دەخوا و لە ترسی مردن دەست دەکا بە بەخشینەوەی داراییەکەی. لە گەڕان بەدوای ژیانی هەمیشەییدا بە سەفەر دەچێ بۆ ئوتناپیشتیم "Utnapischtim" کە تووشی سێڵاوێك دەبێ. گێڕاویەتەوە کە هۆی ڕزگاربوونی لەو سێڵاوە، ئەوە بووە، بەلەمێکی بە دروستکردن داوە و دوای ڕزگاربوون، لە لایەن خوداکانەوە ژیانی هەمیشەیی پی بەخشراوە.

لەو حەماسەیەدا، ڕووداوە قارەمانانەکان بازنەیەك پێك دێنن کە دەسپێك و کۆتایی مێژووەکەی تەنیا لە ناو شاری ئوروك دا دەمێننەوە. کارتێکەری ئەو کارە ئەدەبییە و هەواڵی سێڵاوەکەی بەڕاشکاوی بە کتێبە ئایینیەکانەوە دیارە. ئەنگیزە یاخود پاڵنەری حەماسەی گیلگامێش دواتر، کارتێکەریی لەسەر چێرۆکە کانی داهاتوو داناوە. بۆ وێنە ئاسەواری لە گێڕاوەکانی هەزار و یەك شەو و هێراکلێس دا بە ڕوونی دەبینرێت.

دوو هەزار ساڵ دواتر ئەو حەماسە مەزنە و سەردێڕەکەی دووبارە بۆ مرۆڤ خۆشەویست بوونەتەوە و زیندوکراونەتەوە. لە پەنا چەند دەقی ئەو حەماسەیە ئۆپێرای گیلگامێزج "Oper Gilgamesj" (١٩٤٣/٤٤) لە لایەن توور رانگسترۆم "Ture Rangström " (١٨٤٤/١٩٤٧) و ڕەوانبێژی

گیلگامێش بەرهەمی بوهوسلاڤ مارتینو "Bohuslav Martinů" (١٨٩٠/١٩٥٩)، نمایش دراون و هەروەها لە چەندین ڕۆماندا وەك چۆمی بێ قەراخ، ١٩٤٩/٥٠، نووسینی هانس هێنری جان "Hans Henny Jahnn" باسی لێوەکراوە.

## هۆمێر "Homer"

شاعیری یۆنانی، ڕێکەوتی لە دایکبوون و کۆچی دوابییەکەی ٨ سەدە پێش زایینە، گومان دەکرێ کە لە سمیرنا "Smyrna" (ئیزمیری ئەمڕۆیی) لە دایك بووبێ، مامۆستای سەردەمی کەون "ئەنتیك" بووە و وەك پێکهێنەری حەماسی ڕۆژئاوا ناسراوە.

لێکۆڵینەوەی ئەدەبی – بیۆگرافی لە ٥٠٠ ساڵ بەر لە زایینەوە دەستپێکردووە، بەڵام سەرچاوەکان زانیاری دژ و پێچەوانەیان لێ بڵاو کردۆتەوە. بە هۆی شاهیدی زمانەوانی جێی لە دایکبوونی بە سمیرنا ناساندراوە. بە بۆچوونی دەستەیەک لە پشکینەران، وڵاتەکەی بە باکووری یۆنانی ئاسیای بچووك دانراوە. جێی مردنیشی دوڕگەی ئیۆس "Ios" بووە لە یۆنان.

پرسیار لەسەر هۆمێر سەبارەت بە ژێدەر و سەرچاوەی حەماسە، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی زۆر کۆن. هۆمێر کە ئەمڕۆ بە خوڵقێنەری دوو حەماسەی مەزنی یۆنانی واتە ئیلیاد "Ilias" و ئۆدیسە "Odyssee" ناودارە، لە لووتکەی ئەدەبیاتی یۆنانی و هەروەها نەریتی ڕۆژئاواییدا جێیان گرتووە. بێ شك هۆمێر شاعیرێکی ناودار و مامۆستایەکی نموونەی سەردەمی کەونارا بووە. لە شەشەمین سەدەی پێش زایین کارە ئەدەبییەکانی لە لایەن شاعیرانەوە لە سەراسەری یۆناندا ناسراو بووە و خوێنراوەتەوە. دوو کاری ئیلیاد و ئۆدیسە کارتێکەریان لەسەر زمان و هونەری یۆنانی داناوە.

**ئیلیاد** "Ilias OT Ilias " کاتی پێکهاتنی دووهەم نیوەی سەدەی هەشتی پێش زایین. یەکەم چاپ ١٤٨٨، یەکەم چاپ بە زمانی ئاڵمانی ١٥٤٨ بە ناوی سەردەمی کەونی یۆنان.

ئیلیاد وەك کۆنترین کۆمەڵە شیعری دنیای ڕۆژئاوا ناسراوە. ئەو کارە ئەدەبییە نەک هەر ڕەنگدانەوەی بیر و بۆچوونی شاعیرە، بەڵکوو

خوڵقێنەری شیعری زارەکی بووە لە سەردەمی کرێتی – مسینی[2]دا. لەودا داب و نەریت ڕەنگ و ڕوویەکی تەواو نوێی پێ دراوە. حەماسەکە نیشاندەری باوەڕبەخۆییەکی بەهێزی هەڵس و کەوتی ئینسانییە و ئاماژە بە ئەخلاقی دروستی ئینسانی لە هەنبەر خوداکاندا دەکات.

عینوانی ئیلیاد لە وشەی ئیلیۆن "Ilion" وەرگیراوە کە دووهەم ناوی شاری ترۆیا "Troja"یە لە ئاسیای بچووك و ١٢٠٠ ساڵ پێش زایین توونا کراوە و لەناو چووە. لە ١٥ هەزار فەرد پێکهاتووە و ٢٤ پەرتووکی لەخۆ گرتووە، چیرۆکی گەمارۆدانی شارەکە دەگێڕێتەوە و بەربەرەکانی و شەڕی نێوان یۆنانیەکان و ترۆیا وێنا دەکات. تەوەری ئەو ڕووداوە تووڕەیی ئاخیلێس "Achills"ە کە شەرکەرێکی مەزنی یۆنانی بووە. ئەو چیرۆکە تێکەڵاوێکە لە بابەتی زمانەوانی و شێوازێکی نوێ بۆ نووسینی چەشنە پەخشانێکی ئەو سەردەمە. کێشە و دەمەتەقەی ئێگامێمنون "Agamemnon" وەك شای مایسنایە دژ بە ئاخیلێس، کاتێ ئەو ئامادە نابی کچی قەشەیەکی مەسیحی کە بە دیل گیرابوو، ئازاد بکا.

ئیلیاد وەك هونەرێکی زمانەوانی داڕێژراوە. تایبەتمەندیی ئەو حەماسەیە فانتازیای بەهێز، ڕەوانبێژی، پێکهینانی هەڵسوکەوتێکی نوێی دراماتیکی، هەستی ئیمپاتی و هاودەردی و هەروەها هەستی ناسکی دەروونی و جوانییە. هۆمێر لەو کارەیدا وێنەیەك لە جیهانێکی ئینسانی دەنوێنێت بە تایبەت کاتێ ژیانی ئینسان لە بارودۆخی شەڕ و ئاشتیدا وەسف دەکا.

ئەرەستوش لە فەننی کتێبی هونەری شیعر نووسین "Poetik"[3] و هۆراز "Horaz" لە ئارس پۆیتیکا "Ars poetica" دا بەسەر حەماسەی هۆمیریاندا هەڵگوتووە. هەروەها لە سەردەمی رێنسانسدا فرانچیسکۆ پێترارکا "Francesco Petrarca" و گیۆوانی بۆکاچیۆ "Giovanni Boccaccio " باسی تایبەتییان لەسەر کردووە. بۆ تێئۆری ئەدەبی ئاژاوە و هەراوهوریا

[2] سەردەمی کولتووری یۆنانی کە بە سەردەمی بڕۆنزیش ناوی لێ براوە، لە ساڵی ١٦٨٠ ی پێش زایینەوە هەتا ساڵی ١١٠٠ ی پێش زایین درێژەی بووە.

[3] کتێبێکە ئەرەستو لەسەر هونەر و شیعر لە ساڵی ٣٣٥ پێش زایین نووسیویە.

"Sturm und Drang"[4] کارەکانی هۆمێر نموونەیەکی گرنگ بوون. ئیلیاد بۆ کاری شانۆیی گەنجینەیەکی بەنرخ بووە. چەندین جار هاتۆتە سەر سەکۆی شانۆ و فیلمی لێ دروست کراوە.

**ئۆدیسە** "Odyssee OT Odyssee" کاتی پێکهاتنی نیوەی دووی سەدەی هەشتەمی پێش زایین. یەکەم چاپ ١٤٨٨، یەکەم چاپ بە زمانی ئاڵمانی ١٥٣٧ بە ناوی "سەردەمی کەونی یۆنان".

ئۆدیسە وەك دووهەم بەرهەمی کۆنی ئەدەبی ڕۆژئاوا ناسراوە. ئەو کارە مەزنەش هەر وەك ئیلیاد بەشێوازی شیعری زارەکی بۆ سەردەمی کرێتی – مسینی دەگەڕێتەوە.

ئەو حەماسەیە پێکهاتووە لە دوازدەهەزار و دووسەد فەرد لە ٢٤ پەرتووکدا کە وەك گێڕاوەیەکی پڕ لە ڕووداو گەڕانەوەی بەختەوەرانەی شا ئۆدیسیۆس "Odysseus" بۆ لای ژنەکەی پێنێلۆپ "Penelope" دەگێڕێتەوە. ئەو چیرۆکە ٤٠ ڕۆژ دەگرێتە بەر خۆ و بە شێوازی شیعر و پەخشان و ئاهەنگ، چیرۆکی پاڵەوانانە دەگێڕێتەوە.

ئۆدیسە پیکهاتووە لە دوو بەشی بەقەرا یەك بە ناوی ئۆدیسە و گەڕانەوە بۆ ماڵ. ئەو کارە ئەدەبییە سێ بازنەی سەرەکی دەستنیشان دەکا: چیرۆکی گەڕانەوە بۆ ماڵ بە شێوەی حیکایەتی کەشتی وەك دەریاگەڕۆکێکی ئاوارە، گەڕانەوەی شایەکی مردوو بۆ وڵاتەکەی و هەروەها چیرۆکی کوڕێك کە دوای وون بوونی باوکی، بەدوایدا دەگەڕێ.

ئۆدیسە جیاوازییەکی مەزنی لە ڕوانگەی وێناکردنی مرۆڤ لەگەڵ حەماسەی ئیلیاد دا هەیە و پەیوەندییەکی نوێ لەگەڵ خوداکان وێنا دەکا. لەوێدا بەهۆی کامڵ بوونی مرۆڤەوە، هەندێک تایبەتمەندیی وەك هەستی خۆڕاگری، ژیربوون، فانتازیا کردن، تەردەستی و کاری هونەری، فریو دان، جەفەنگ کردن، هەستی بەرپرسایەتی و هەست بە دادپەروەریکردن

[4] لە ژێر ناوی "ئاژاوە و هەراوهوریا" سەردەمێکی ئەدەبی ئاڵمان دەستنیشان کراوە کە لە ساڵی ١٧٦٥ تا ١٧٨٥ لە لایەن گەنجانی ٢٠ تا ٣٠ ساڵەوە بەڕێوەچووە.

له مرۆڤدا وێنا دەکرێ. بەوهۆیەوە وەك نموونەیەکی نوێ بۆ ئینسانییەت سەیر دەکرێ.

زمانی نووسینی ئۆدیسە تێکەڵاوێکە لە زاراوە جۆراوجۆرەکانی یۆنان. نموونەی شیعریی بۆ وێناکردنی گەڕانەوەی ڕووداوەکان بەکاردەهێنرێت. کاراکترەکان بە شێوازێکی چەند لایەنە نیشان دەدرێن و ئاخەفتن پێویستیی بە فەزایەکی مەزن هەیە. لە سەردەمی کەوندا گرنگایەتییەکی زۆر بە ئۆدیسە دراوە و وەك کارێکی وەستایانەی زانیاریی یۆنانییەکان سەیر کراوە. هەروەها وەك بەرهەمێکی گەورەی ئەدەبی ناسراوە و ئەرەستوو لە نووسراوەکانیدا وەك نموونەیەکی ئەدەبی باسی لێوە کردووە.

# ئێزۆپ "Äsop"

**ئیزۆپ** (بە یۆنانی ئایسۆپۆس)، شاعیری یۆنانی سەدەی شەشەمی پێش زایینە و بۆ یەکەم جار لە لایەن هیرۆدۆتەوە باسی لێوەکراوە. گومان دەکرێ لە ناوچەی تاراکیێن "Thrakien" کە لە دورگەی باڵکان واتە بولغارستان و یۆنانی ئەوڕۆیی هەڵکەوتووە، لە دایك بووبێ و لە شاری دێلفی "Delphi" یۆنان مەحکووم بە کوشتن کراوە.

زانیاری لەسەر ژیانی ئیزۆپ زیاتر لە سەرچاوە مێژووییەکان و لێکۆڵینەوەکاندا دەبینرێ. لەڕێگەی نووسراوەکانی هیرۆدۆت مێژوو نووسی یۆنانییەوە شوێنی لەدایکبوونی ئیزۆپ بە تاراکیێن لە ڕۆژئاوای مێدیتڕانە ناسراوە. لەسەر دورگەی سامۆس "Samos" کۆیلەی مرۆڤێك بووە بە ناوی خانتێس "Xanthes" کە دواتر بەهۆی تێگەیشتوویی و بلیمەتیەکەیەوە ئازاد کراوە.

بە پێی سەرچاوەیەکی بیزانسی (ڕۆمی) کە لەسەر زانای ڕۆمی ماکسیمووس پلانۆدێس "Maximos Planudes" سەدەی ١٣ و ١٤ دراوەتەدەر، ئیزۆپ لە خزمەت پاشای لیدییەکان کروزوس "Krösus"دا بووە و بە فەرمانی ئەو سەفەری کردووە بۆ شاری دێلفی لە یۆنان. لەوێ بەهۆی سووکایەتیکردن بە خەڵکی شارەکە مەحکووم بە کوشتن کراوە و لەسەر گاشەبەردێکەوە خراوەتە خوارەوە.

سەرەڕای ناودار بوونی ئەفسانە یۆنانییەکانی شاعیرانی وەك هزیود "Hesiod" و ئارشیلۆخۆس "Archilochos" (سەدەی حەوتەمی پێش زایین)، ئیزۆپ کارە ئەدەبی و چیرۆکەکانی خۆی بڵاو کردوە هەروەها دەستی بە گێڕانەوەی مێژوو لە ڕوانگەی خۆیەوە کرد. ئیزۆپ وەك کەسایەتییەکی گرنگی شیعری ئەفسانەیی ناسراوە، و لەو چیرۆکانەدا بە شێوازێکی ساکار ئاماژە بە خاڵە لاوازەکانی مرۆڤ دەکات.

**شیعری ئەفسانەیی:** لە سەدەی شەشەمی پێش زایین پێکهاتوون ، یەکەم چاپ لە ساڵی ١٤٧٠، چاپی یەکەم بە زمانی ئاڵمانی ساڵی ١٤٧٦، سەردەمی ئەنتیکەی یۆنان.

ئەفسانەکانی ئیزۆپ بەهۆی ساکاری و بەکارهێنانی زمانێکی ڕوون، هەروەها بەهۆی پەیامە ئەخلاقییەکانیەوە، هەم لای خەڵکی ئاسایی و هەم لای زانایان زۆر خۆشەویست بووە. ڕووی شیعرەکانی لە گرووپێکی دیاریکراو نەبووە بەڵکوو بە گشتی هەموو خەڵکی گرتۆتەوە.

ئیزۆپ لە ڕێگەی کورتە چیرۆکی شێوە شیعر سەبارەت بە خاڵە لاوازەکانی مرۆڤ، خوو و خدە و پەیوەندایەتی لەگەڵ ئاژەڵی قسە بێژ، جاروباریش گیاو گژ و لێرەوار، کارێکی ڕەخنەگری زۆر پڕ بایەخی خوڵقاندووە. خوداکان و مرۆڤ زۆر کەم لە چیرۆکەکانی ئەودا دەبینرێن و لە چیرۆکەکانیدا زیاتر لەگەڵ ئەم کەسایەتییانە رووبەڕوو دەبینەوە: مشك و بۆق، هەڵۆ و کۆتر، ئەسپ و گا، کەر و سەگ، ئاسك و کەروێشك، قشقەڕە و سێروو، شێر و وشتر، ماسی، ڕێوی و گورگ، زەردەواڵە و ئەسپێ، مار و سیسرکە، مەڕ و بەراز، کرۆکۆدیل و مەیموون، داری چنار و داری زەیتوون، دار هەنجیر و دار سێو. بەڵام لە پەنای ئەواندا جار و بار ناوی خوداکان و پاڵەوانەکانیش هاتوون وەك : زیئوس "Zeus"، ئاپۆلۆن "Apollon"، ئاڤرۆدیت "Aphrodite"، ئاتێنا "Athene"، هێلیۆس "Helios"، پرۆمێتیۆس "Prometheus"، هێراکلێس "Herakles"، هێرمێس "Hermes"، تایرێزیاس "Teiresias"، ئەفلاتوون "Plutos" (دارایی)، تاناتۆس "Thanatos" (مەرگ)، هەروەها مرۆڤی ساکار وەك ڕێبوار، بازرگان و پیاوی پیر و مرۆڤی زەریاییش لە چیرۆکەکاندا دەوریان هەیە.

بڕێك لە کەسایەتیی و ئاکتۆرەکان لە مێژوودا وەدوای تایبەتمەندیی نەرێنی وەك تەماح، ئیرەیی، سپڵەیی، چاوچنۆکی و خۆ گەورە بینی کەوتوون و تەنیا سەرنجی تاقەکەسیی خۆیانیان لا گرنگ بووە و هەوڵیان داوە لەسەر حیسابی مرۆڤەکانیتر کارەکەیان بەڕەوپێش بەرن. هەر بۆیەش بەرەو ڕووداو یاخود بارودۆخێك بایانداوەتەوە کە نەک هەر بە ئامانجەکەیان نەگەیشتوون، بەڵکوو زیانیشیان بە خۆیان گەیاندووە. بەڵام بە پێچەوانە، هەڵس و کەوتی نموونە و خوڵقاندنی پەیامی ئەخلاقی بۆ مرۆڤ لە کۆمەڵگای ئەو سەردەمەدا هێندە بە نرخ بووە کە لە قیمەت نەهاتووە.

چیرۆکەکانی ئیزۆپ یەکەم کاری سەردەمی کەوەنی یۆنانە کە بە درێژایی چەندین سەدە لە هەموو ئورووپادا بڵاو کراونەتەوە. وەرگێڕاوی لاتینی ئەو بەرهەمانە لە یەکەم سەدەی دوای زایینندا لە لایەن پێدرۆس "Phädrus" شاعیری ڕۆمییەوە بەڕێوە براوە. ئەو کارە پڕ بایەخانە پایەیەکی سەرەکیان پێکهێنا بۆ هەموو چیرۆکەکانی دوای خۆیان و هەروەها لە قوتابخانەکانی سەدەی ناوەڕاستەوە تا سەردەمی مودێڕن کەڵکیان لێ وەرگیراوە. ئەو چیرۆکە ئەدەبییانە کارتێکەریان لەسەر زۆربەی نووسەران و شاعیرانیش داناوە.

شایانی باسە گەلێک چیرۆکی ئەفسانەیی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە زمانی عەرەبی فارسی، کوردی و تورکیدا، کارتێکەریی ئەو چیرۆکانەی ئیزۆپیان لەسەرە و بە تایبەت لە زاراوە جیاجیاکانی زمانی کوردیدا گەلێک چیرۆکی گوێی ئاگردانمان هەن کە قارەمانەکانی بریتین لە ئاژەڵ و دار و گیا وگژ. هەروەها ئەنجام وەرگرتنی ئەخلاقیی کۆتایی چیرۆکەکان هاوشێوەی کارەکانی ئیزۆپە. ئەم بابەتە زۆری بە بەرەوەیە و جێگەی بەراوردکاری و لێکۆڵینەوەی وردترە.

## سێزار، گایۆز ژۆلیۆس "Caesar, Gaius Iulius"

فەرماندە و حاکمی ڕۆمی، ڕۆژی ١٣/ ٠٧/ ١٠٠ پێش زایین لە ڕۆم لە دایك بووە و ڕۆژی ١٥/ ٠٣/ ٤٤ پێش زایین لە شاری فلۆرانسی ئیتالیا کۆچی دوایی کردووە (کوژراوە). ساڵی ٦٣ ی پێش زایین بە پاپای ماکسیمۆس هەڵبژێردراوە " Pontifex Maximus"، ساڵی ٥٩ پێش زایین بۆتە سەرکۆنسول.

(پۆنتیفێکس لە سەردەمی ڕۆمییەکاندا مرۆڤێکی پیرۆزی ئایینی بووە و ماکسیمۆف نازناوی کەسایەتییە سیاسیەکانی سەردەمی کەون بووە. باڵاترین مەقامی ئیداریی سەردەمی کەونی ڕۆم سەرکونسول بووە.)

**سێزار** لە بنەماڵەیەکی ئەشرافی لە دایك بووە. ساڵی ٨٥ ی پێش زایین بۆ بە قەشەی مەسیحی. ساڵی ٦٣ ی پێش زایین وەك پاپای ماکسیمۆس هەڵبژێردراوە و ساڵێک دواتر بەشداری هێزی حکوومەتی کردووە. دوو ساڵ دواتر لەگەڵ فەرماندەی لەشکر پۆمپەیۆس "Pompeius" زاواکەی خۆی (١٠٦ تا ٤٨ی پێش زایین) و کەسێکیتر بە ناوی م. لیکینیۆس کرازۆس "M. Licinius Crassus"، پەیماننامەیەکی سیاسیان بەستووە کە وەك پەیمانی سێ کەسە چۆتە ناو مێژووەوە. ئەوپەیمانە پلەی کۆنسولیی لە ساڵی ٥٩ی پێش زاییندا بۆ بە دیاری هێنا کە بەرزترین پلەی ئیداری ئەو سەردەمە بووە. ساڵێک دواتر بووە بەرپرسی ناوچەکانی وەك گالیا چیزالپینا " Gallia Cisalpina"(لە سەرووی ئیتالیا)، ئیلیریکووم (دالماتیێن) " Illyricum (Dalmatien)" و گالیا ناربۆنێنزیز "Gallia Narbonensis" (باشووری فەرانسە).

کاتێ سەردەمی سەروەرییەکەی بەسەر ئەو ناوچانەدا بەسەر چوو، و دەیهەویست خۆی بۆ هەڵبژاردنی سەرکونسول لە ساڵی ٤٨ ی پێش زایین کاندید بکا، مەجلیسی سەنا داوی لێکرد ئەگەر دەست لە سەروەری ناوچەکان هەڵگرێ و مقامی فەرماندەی نیزامیش وەلا بنێت، دەتوانێ خۆی کاندید بکا. هاوکات لەگەڵ بەسەر چوونی کاتی ئیداری سێزار هاوپەیمانەکەی واتە پۆمپەیۆس لە لایەن سەناوە بە فەرمی ناسرابوو. ساڵی ٤٩ی پێش زایین لە چۆمی سەرسنوور پەڕییەوە و شەڕێکی ناوخۆیی وەڕێخست و بەسەر پۆمپەیۆس و سەنادا سەرکەوتوویی نیزامی وەدەستهێنا. سێزار وەك حاکم، نووسەر و دیکتاتۆری ڕۆمی، یەك لە ناسراوترین کەسایەتیەکانی مێژووی جیهانە. هەوڵی داگیرکردنی ناوچەی گالیێن (فەرانسە) لە ساڵانی ٥١- ٥٨ ی پێش زاییندا، کارێکی مێژووییە.

نەك كتێبی شەڕەكە، كە بەناوی "شەڕی گول" (Der gallische Krieg) بڵاو بۆتەوە، بەڵكوو دەستبەسەرداگرتنی ناوچەی گالیێن بووە هۆی پاراستنی كەسایەتی سێزار لە مێژوودا. بەڵام لە چەند نووسراوەی مێژووی شەڕەكەش، كە لە لایەن خۆیەوە نووسراوە، نەک هەر سەرنجی مرۆڤی ڕۆمی ئەو سەردەمەی بۆ لای خۆی ڕاكێشا، بەڵكوو تا ئەمڕۆش سەری زۆربەی مێژووناسانی بەخۆوە خەریك كردووە.

لە ناوەندی باسی كتێبەكەدا، سزار شەڕ و ئاژاوەی سیاسی دژ بە سێلتی "Kelten"، بلژیكی"Belger" و هۆز و نەتەوەكانی ئاكویتانیا "Aquitanier" نیشان دەدا. بەدوای چەند سەركەوتوویی نیزامیدا سێزار باسی نەتەوەی گالییەكان وەك خەڵكیكی شۆڕشگێر دەكا كە بە هاسانی مل بۆ ڕۆمییەكان دانانەوێنن. سەیر ئەوەیە كاتێ باس لە شەڕەكانی دەكا، بەسەر قارەمانی و ئازایی دژبەرەكانی دا هەڵدەڵی بەڵام كەمتر باسی هێزەكانی خۆی دەكا. لە لووتكەی بەرزی گێرانەوەكانیدا باس لەسەر نەتەوەی گالیا بە سەركردەیی ورسینگتوریكس "Vercingetorix" دەكا كە گوشارێكی زۆری بۆ هێزی نیزامیی ڕۆمییەكان هێنابوو.

ئەو كارە ئەدەبییە لە هەشت پەرتووك پێكهاتووە. كتێبەكان باسی شەڕەكانی نێوان ساڵەكانی ٥٠ و ٥١ی پێش زایین دەكەن كە لە لایەن دۆستێكی نیزیكی سێزار بە ناوی ئائۆلوس هێرتیوس "Aulus Hirtius" ەوە نووسراون. كارەكە لە لایەن مرۆڤی سەردەمی خۆیدا پێشوازییەكی زۆری لێكراوە، بەڵام لە سەدەی ناوەڕاستدا كەمتر خوێندراوەتەوە. لەگەڵ دەستپێكی سەردەمی ڕێنسانس دا ئەو قوتابیانەی فێری زمانی لاتینی دەبوون كەڵكیان لەو نووسراوانە وەرگرتووە. بەهۆی هاسانكاریی زمانەوانیی كلاسیكی ئەو پەرتووكانە، كتێبێكی چەشن وشەنامەی لێ دروست بووە كە تەنیا لە ١٢٠٠ تا ١٣٠٠ وشە پێكهاتووە. هەروەها ئەو كارە ئەدەبییە لە لایەن مێژووناسانی كەونەوە كەڵكی لی وەرگیراوە. بەڵام دەبی بڵێین كە بەهۆی تەوەری شەڕخوازییەوە، ڕەخنەیەكی زۆریش ئاراستەی كتێبەكە و نووسەری كراوە.

## ویرژیل "Vergil" (Publius Vergilius Maro)

شاعیری ڕۆمی، ١٠/١٥ی ساڵی ٧٠ ی پێش زایین لە ئاندێس "Andes" لە پەنا شاریٔ مانتو "Mantu"ی ئیتالیا لە دایك بووە و ٢١/ ٩ ی ساڵی ١٩ی پێش زایین لە شاری بریندیسی "Brindisi" لە ئیتالیا کۆچی دوایی کردووە.

ویرژیل شاعیریٔ نەتەوەیی سەردەمی قەیسەری ڕۆمی بە تێکەڵاوییەك لە هونەری ئەدەبی و زمانەوانی پەیامە ئینسانییەکەی خۆی بە مرۆڤ گەیاند. پووبلیۆس ویرژیل مارۆ وەك کوڕی مرۆڤێکی ئاسایی بەڵام دەوڵەمەند هاتە جیهان و دایك و باوکی بۆ پەروەدە کردنی ئەو هەوڵێکی زۆریان دا. دوای تەواوکردنی قوتابخانە لە شاری کرمونا "Cremona" بۆ درێژەدان بە خوێندن چوو بۆ شاری میلان "Mailand".

لە نێوان ساڵانی ٥٥ و ٥٠ ی پێش زایین چوو بۆ شاری ڕۆم و لە ژێر دەستی پارتێنیۆس "Parthenios" کە مامۆستای ئەدەبیات و زمانی یۆنانی بوو دەستی بە خوێندن کرد. لە ڕوانگەی فەلسەفەوە ویرژیل لەژێر کاریگەریی بیروباوەڕی ئێپیکووریان "Epikureer"[5] بوو و لە ساڵی ٥٠ی دوای زایین لەگەڵ نووسراوەکانیان ئاشنا ببوو و پاشان لەگەڵیاندا نیزیکی پەیدا کرد. دوای شەڕی فیلیپی "Philippi"[6] کە لە نیزیک مەقدوونییە لە نێوان ڕۆمییەکان و ئێکتاویان[7] لە ساڵی ٤٢ی پێش زایین پێکهات، ویرژیل زۆربەی ماڵ و داراییەکەی لە دەست چوو.

شیعر و پەخشانەکانی ویرژیل بوونە سیمبولێك بۆ سەردەمی ڕێنسانس. چەند لە شیعرەکانی باس لە سەردەمی شەڕی ناوخۆیی کۆمەڵگای ساڵانی ٢٩ تا ١٩ی پێش زایین دەکەن. کارە ئەدەبییە گرنگەکانی وەك بۆکۆلیکا "Bucolica"، گیۆرگیکا "Georgica" و تیبوول "Tibull" کارتێکەرییەکی پڕبایەخیان لەسەر ئەدەبیاتی ئیتالیا بووە.

---

5 فیلەسۆفی یۆنانی (٣٤١ تا ٢٧٠ ی پێش زایین)
6 شارێکی سەردەمی کەوەن بوو ڕۆژهەڵاتی مەقدوونییە
7 لە تاقمێك سەرچاوەکاندا ناوی قەیسەر ئاوگوستوس بە ئێکتاویان هاتووە.

**Aeneis OT Aeneis** یەك لە گرنگترین کارە حیماسیەکانی ویرژیل لە ئەژمار دێ کە دەبێ لە نێوان ساڵانی ٢٩ تا ١٩ی پێش زاییندا نووسیبێتی. یەکەم چاپی ساڵی ١٤٦٩ی زایینی بووە و ساڵی ١٥١٥ یش بە زمانی ئاڵمانی لە چاپ دراوە. ئەو کتێبە کە گرنگترین کاری هونەریی زمانی لاتینییە، وەك پڕبایەخترین کاری جیهانیی ویرژیل چۆتە ناو دنیای ئەدەبەوە. کتێبەکە کارتێکەریی و ڕوخسارێکی قووڵی ڕەوانی لەسەر پێکهێنانی مێژووی ئایین داناوە. ئەو کتێبە هەر لە سەرەتای بڵاوکردنەوەیەوە، بوو بە پێداویستییەکی قوتابخانەکانی سەردەمی ڕۆمییەکان.

لەو نووسراوەیەدا ویرژیل لە دوازدە پەرتووکدا چارەنووسی ئاینیاس "**Aeneis**"کوڕی ئەفرۆدیت و ئێنکسیس لە گرتنی ترۆیاوە هەتا سەرکەوتوویی بەسەر توورنووس"Turnus" پاشای ئیتالیا دەگێڕێتەوە. شەش پەرتووکی یەکەم باسی سەرگەردانبوونی ئاینیاس تا گەیشتن بە شاری لاتیۆم "Latium"کە ناوچەیەکی ناوەڕاستی ئیتالیایە دەکەن. لەو ناوەدا باس لە شاهزادە خانمی فینیقی دایدۆ "Dido" دەکا کە تووشی تۆفانێك لە پەنا زەریاچەی شاری کارتاژ "Karthago" دێ. ئەو چیرۆکە خۆشەویستییە بە خۆکوژی دایدۆ کۆتایی پێ دێت.

شەش پەرتووکی کۆتایی کتێبەکە، وەك ئیلیادی هۆمێر، باس لە شەڕەکان دەکەن. ئەو پەرتووکانە بە هەرەسهێنان و شکستی دژبەرەکان کۆتاییان پێ دێ. لێرە بەدواوە ڕێگا بۆ دروستکردن و پەرەپێدانی شارەکانی ئالبا"Alba"، و ڕۆم خۆش کرا.

ئەو کارە هونەرییە لە سەردەمی خودی شاعیردا پێشوازییەکی زۆری لێکرا. دواتر ویرژیل لە دنیای کەوەندا بووە مەزنترین سیمبول بۆ شیعر خوڵقاندن و کارتێکەرییەکەی لە سەردەمی ڕێنسانسەوە هەتا سەردەمی نوێی داپۆشی.

**ئۆڤید** "پۆپلیۆس ئۆویدیۆس نازۆ" (Publius Ovidius Naso ،Ovid)

نووسەری ڕۆمی، ۲۰/ ۳ ی ساڵی ٤۳ی پێش زایین لە سولمۆ "Sulmo" کە ئێستا بە ناوی شاری سولمونا "Sulmona" دەناسرێت، لە دایك بووە، و ساڵی ۱۷ی دوای زایین لە تۆمیس "Tomis" کۆچی دوایی کردووە، کە ئەمڕۆ بە ناوی شاری کنستنزا "Constanza" لە وڵاتی ڕۆمانی مەنشوورە.

ئۆڤید لە پەنا ویرژیل یەك لە باڵادەست و بە دەسەڵاتترین شاعیرانی ڕۆمییە. لە سەردەمی ژیانیشیدا زۆر ناودار بووە و تەنانەت ئەمڕۆش بەهۆی تەبعی شاعیرانەیەوە ناسراوە، بۆ وێنە بە شێوەیەکی وەستایانە دوو چەمکی سێکس و ئوستوورە ناسی وا ئاوێتەی یەکتر کردوون کە کەسایەتییە ئەدەبییەکەی گەیاندۆتە پلەی سەرووی شاعیرێکی کلاسیکی ئەدەبی جیهانی.

ئۆڤید لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند هەڵکەوتووە و لە بواری ڕاهێنانی ڕەوانبێژی لە شارەکانی ڕۆم و ئاتێن دەرسی خوێندووە. بۆ ناسیاوی و ڕاهێنانی خۆی لەگەڵ دنیای دەوروبەر سەفەری بۆ ناوچەی سیسیلی لە ئیتالیا و ئاسیای بچووك کردووە. کارە ئیدارییەکەی کە کەم تا کورتێک بە سیاسەتەوە پەیوەندی هەبوو، فیدای کارە هونەریەکەی کرد و کاتێ ساڵی ۲ ی پێش زایین لە ڕۆم لەسەر کارە هونەریەکەی وەك شاعیر لابررا، چارەنووس ناچار بە ناردن بۆ تاراوگەی کرد. قەیسەری ڕۆمی ئاگوستووس "Augustus" ساڵی ۸ی دوای زایین لە پەیوەندی لەگەڵ ئەگەری سووکایەتی بە نەوەی بچووکی قەیسەر بە ناوی جولیا "Julia" ئۆڤیدی ناردە شاری تۆمس ی پەنا زەریای ڕەش لە سنووری وڵاتی ڕۆمانیا. سەرەڕای ئەوەی لە شاری ڕۆم سکاڵای کرد، وەبەر بەخشینی قەیسەر نەکەوت و تا کۆتایی تەمەنی لە تاراوگەدا مایەوە.

کارە ئەدەبییەکانی ئۆڤید دەکرێ بەسەر سێ قۆناخدا دابەش کرێ: قۆناخی یەکەم شیعر و هۆنراوەی خۆشەویستی (لە ساڵی ۲۳ی پێش زایینەوە)، قۆناخی دووهەم کارە مەزنە حیماسیەکانی (۲٥۰ ڕیوایەت) و ساڵنامەی قەسیدەی فێستیڤاڵ (٥ تا ۸ی دوای زایین) و هەروەها قۆناخی سێهەم شێعرەکانی وا لە پاراوگەدا خولْقاندوونی.

ئۆڤید کارە کۆتاییەکانی لە تاراوگەدا نووسی (٨ تا ١٢ی دوای زایین) کە بریتی بوون لە شینگێڕی لە پێنج پەرتووکدا. هەروەها کتێبێک بەناوی چوار نامیلکە (١٢ تا ١٦ی دوای زایین).

ئۆڤید لە بازنەی چیرۆکەکانیدا بە چیرۆکی ئەفسانەیی سەردەمی کۆن، خوڵقانی دنیا، کۆبوونەوەی خوداکان و سێڵاو دەست پێدەکا و لە دووهەم بەشی سەرەکیدا لەگەڵ خوداکان و - گێرانەوەی قارەمانانە (یۆپیتر "Jupiter"، ئاپۆلۆ "Apollo"، پێرسئۆس "Perseus"، تسئۆس "Theseus"، هرکۆل "Herkules" و هتد...) درێژەی پێدەدات، ئینجا پەیوەندیان بە شەڕی ترۆیاوە دەدا و بە کەڵکوەرگرتن لە ئوستوورەی ئیتالیایی و گێڕاوەکانی ئاینیاس"Aeneas" و چیرۆکی کۆنی ئیتالیایی و پێداهەڵگوتنی لەڕادەبەدەر بەسەر ئاگوستوس کە لە ناوەندی گێڕاوەکاندایە، کارێکی سیاسی- مێژوویی سەردەم ساز دەکات.

ئۆڤید مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی ئەستەم و جۆراوجۆر نیشان دەدا و بە نوکتەی پێکەنین و تەوس و تەشەر، تام بە نووسراوەکانی دەدا، جارجارەش چیرۆکێکی سێکسی هەڵدەبژێرێ و لەبەرچاوی خوێنەری دادەنێ. بە گۆڕانی ئاکتەرەکان لەگەڵ ئاژەڵ، دار، کانی یان ئەستێرە، ئەفراندنێکی سروشتی بەربڵاو دەخاتە بەرچاو.

جێی سەرنجە کە مێژووی ئەدەبەکەی ئۆڤید لە مێتامۆرفوز واتە بیچم گۆڕینی ئەفسانەی سوننەتیدا دەگاتە ئەوپەڕی بەرزیی خۆی کاتێ لە ئوستوورەکان بە داڕشتنی ڕووکارێکی بێ لایەنە دنیایەك شیعر و هۆنراوەی سیمبولیک دەخوڵقێنێ. حیماسەی کەون لێرەدا لێهاتوویی ئایینی - کولتوورییەکەی لەدەست داوە و مرۆڤ بەهۆی هێزی فیزیکییەوە وەك خۆشەویستی، چاوچنۆکی و ئیرادەوە هیدایەت دەکرێت و سروشت، یاساکان و خوو و خدە چوارچێوەی ژیان پێکدێنن.

کارەکەی ئۆڤید لە پازدە پەرتووك پێکهاتووە و هەرکام لەوانیش خاوەنی حەوسەد تا نۆسەد بەیتی شەش خشتین. ئۆڤید زیاتر لە دووسەد و پەنجا گێرانەوەی بیچم گۆڕین بەرهەم دێنێت، کە بە پێکهاتنی جیهان لە ناڕێکوپێکییەوە دەستپێدەکا و دەگاتە سەرەتای پێکهاتنی ئیمپراتۆریەکی ڕێك و پێك. ناوبراو زانستی سیمبۆلیك پەرە پێدەدا و لە ڕێگەی گۆڕینی

گێڕاوەکانی کەون بە بیچمی ڕەنگاوڕەنگ و بە شێوەی شیعر، بەرهەمێکی نوێ دەخوڵقێنێ. مێتامۆرفوز(بیچم گۆڕین) لە دوو هەزارەی ڕابردووەوە کارتێکەرییەکی بەرچاویان لەسەر هونەر و شیعرەکانی دوای خۆی داناوە.

## تاسیتوس، پوبلیوس كورنلیوس (Tacitus, Publius Cornelius)

**تاسیتوس** یەك لە گرنگترین كاسایەتی و مێژوونووسەكانی سەردەمی قەیسەری ڕۆمە. ساڵی ٥٨ ی دوای زایین لە دایك بووە و لە ساڵی ١١٧ی دوای زایین كۆچی دوایی كردووە. بەداخەوە لەسەر ئەو كەسایەتییە مێژووییە زانیارییەكی زۆر كەم بەدەستەوەیە.

**تاسیتوس** وەك كوڕی شوالیە و پارێزەرێک لە ناوچەی گالیا بێلگیكا "gallia belgica" لە دایك بووە كە یەك لە سێ ناوچەی گرنگی سەردەمی ڕۆمییەكان بووە. ژێدەرو چاوگەكەی بووە هۆی هەڵبژاردنی ڕێگایەكی دروستی سیاسی. لە ساڵی ٧٨ دا هاوسەریی لەگەڵ كچی سەركۆنسوول گنایۆس ژولیۆس ئاگریكۆلا "Gnaeus Julius Agricola" پێكیهێنا و ئەوەش دەرەتانێكی باشی بۆ چالاكی سیاسی لە پەنا حاكمانی سەردەم بۆ خولڵقاند. لە ساڵی ٨٨ دا وەك پراتۆر و ئەندامی ڕێكخراوەیەكی ئایینی چالاك بووە. هەر وەك بوی دیاریكراوە، بۆ ماوەی چوار ساڵ پیتەختی وڵاتی بەجێ هێشتووە و وەك فەرماندار یاخود نوێنەری بەدەسەڵات لە ناوچەكانیتر خزمەتی كردووە.

لە پەنا نووسراوە پرشانازییە مێژووییەكەی بە ناوی **گێرمانیا** "Germania" كە لەسەر مێژووی نەتەوەناسی خەڵكە گێرمانەكانە، بیوگڕافیی خەزووری خۆی نووسیەوە و خۆی بە تەوەری مێژووییەوە خەریك كردوە.

كتێبی **گێرمانیا** Germania OT De origine et situ Germanorum (لەسەر چاوگە و جێی ژیانی گێرمانەكان)ی ساڵی ٩٨ نووسیویە، یەكەم چاپی ساڵی ١٤٧٠ و چاپی دەقە ئاڵمانییەكەی ١٥٢٦ ی زایینی بووە. ئەو بەرهەمە بچووكە یەكەم نووسراوە و مۆنۆگرافی سەردەمی ڕۆمییەكانە و شاهیدێكی گرنگە بۆ چۆنیەتی مێژووی نەتەوە گێرمانەكان. باوكی وەك پارێزەر لەو سەردەمەدا چالاك بووە و وێدەچێ كە تاسیتوس ئەو كتێبەی لەسەر بنەمای زانیارییەكانی باوكی، خەزووری و بازرگانەكانی ناوچە و سەرچاوە ئەدەبییەكان خولڵقاندبێت.

کتێبەکە لە ٤٦ بەشی بچووك پێکهاتووە و بە گشتی بەسەر سێ بەشی گەورەدا دابەش کراوە. لە بەشی یەك تا پێنج چاوگە و چەشنی نەتەوە گێرمانەکان و هەروەها بارودۆخی ناوچەکانیان ڕوون دەکرێنەوە. بەشی شەش تا بیست و چوار خۆی بە سیستەمی نیزامی، ئایین، داب و نەریت و یاسای گێرمانەکانەوە خەریك دەکا. بەشی بیست و هەشت تا چل و چوار کە زیاتر لە نیوەی کتێبەکە دەگرێتەوە، یەك بەدوای یەکدا بارودۆخی هۆزە گێرمانەکان ڕوون دەکاتەوە.

وێدەچێ خۆ پێوە ماندووکردنی بە وردی لەسەر داب و نەریت و هەڵس و کەوتی خەڵکە گێرمانەکان و هەڵسەنگاندنی ئەرێییان ئەو گومانە بەدەستەوە بدەن کە تاسیتوس ئەو نەتەوەناسییەی زیاتر بۆ ڕاهێنانی خەڵکانی ڕۆمی کە لەو سەردەمەدا هەڵس و کەوتی خۆشگوزەران و دوور لە ئایینی یان بووە، بەکارهێناوە.

لە سەردەمی کەون کەمتر ئاماژە بە کارەکەی تاسیتوس کراوە. وێدەچێ زۆر کارتێکەری لەسەر مرۆڤی ئەو سەردەمە دانەنابێت و بە پێی کات لەبیر چووبێتەوە. لە سەدەی پازدە بەملاوە لەگەڵ تەوەری گێرماننناسی زیندوو بۆتەوە. لەو سەردەمەدا بەشێکی بەرچاوی نووسراوەکانی تاسیتوس کە تا ئەو کات وون ببوون، لە ناو پەرتووکخانەکانی کلیسادا دۆزرانەوە. دووهەمین فازی زیندووبوونەوەی لە سەردەمی هیتلێر لەساڵی ١٩٤٥ بووە، ئەویش بۆ گەورەکردنەوەی نەتەوەی ئاڵمانی کە یەك لە خەڵکە گێرمانەکان بوون و پەسندی هەڵس و کەوتی وەك: ئازادیخۆازیی، ئازایی، وەفاداریی و داب و نەریتی پاك و خاوێن.

## ئاگۆستینۆس ئۆرلیۆس (Augustinus, Aurelius)

مامۆستای لاتینیی کلیسای مەسیحیەکان، ڕۆژی ١٣. ١١. ٣٥٤ لە شاری تاگاستە (نومیدێن) "Tagaste (Numidien)" کە دەکەوێتە باکووری ئەفریقا، لە دایك بووە و ڕۆژی ٢٨. ٤٣٠,٠٨ لە ناوچەی هیپۆ ڕێگیۆز (Hippo Regius)، شارێکی قەراخ ئاوی سەردەمی کەوەن، کە ئەمڕۆ ڕۆژهەڵاتی ئەلجەزایر دەگرێتەوە، کۆچی دوایی کردووە.

ئاگۆستینۆس ئۆرلیۆس کوڕی کارمەندێکی مامناوەندی شارەوانی بووە و لە شاری تاگاستە ژیانی منداڵیی تێپەڕ کردووە. لە زانستگەی شاری کارتاژ[8] "Karthago"لە بواری ئەدەبیاتی کلاسیک و ڕێتۆریک خوێندنی تەواو کردووە و هەر لەو شارەش وەك مامۆستای ڕێتۆریك و گراماتیك دەرسی گوتوتەوە.

ئاگۆستینۆس ساڵی ٣٨٣ سەفەری کردوە بۆ ڕۆم و لەوێشەوە بۆ مادریدی ئیسپانیا و لەوی وەك مامۆستا و وێژەر کاری کردووە. ئەو خۆی بە فەلسەفە و زیاتر بە بۆچوونەکانی سیسێر و ئەفلاتونەوە خەریك کردوە و بۆتە لایەنگری ئایینی مانەوی "Manichäer" کە لە ئێرانەوە سەرچاوەی گرتبوو.

لە ساڵی ٣٨٦ ئاگۆستینۆس ماڵئاوایی لە ئایینی مانی کردووە و هەڵگەڕاوەتەوە بۆ سەر ئایینی مەسیحی و ساڵی دواتر گەڕاوەتەوە بۆ باکووری ئەفریقا. ساڵی ٣٩١ بۆتە قەشەی کلیسا و ساڵی ٣٩٥ وەك ئوسقۆفی شاری هیپۆ ڕێگیۆز هەڵبژێردراوە. کارە ئەدەبییەکانی لە ١١٣ کتێب، ٢١٨ نامیلکە و زیاتر لە هەزار وتار پێکهاتوون. ئەمڕۆ ئیعترافاتەکەی خۆشەویستترین نووسراوەکانی پیکدێنن. ناوبراو بە بەرهەمە بەرگرییەکانی لەسەر وڵاتی خودا کاری سەرەکی و گرنگی خۆی پێکهێنا کە وەك یەکەمین گەڵاڵەی مێژوویی – فەلسەفەی دنیای مەسیحی دێتە ئەژمار.

---

[8] شارێکی گەورە بووە لە باکووری ئەفریقا

ئاگۆستینۆس لە پەنا ئامبرۆز(٣٩٧-٣٣٩) "Ambrosius "[9]، گرێگۆری یەکەم (٦٠٣-٥٤٠)" Gregor I"[10] و هیرۆنیمۆس (٣٤٢-٤٢٠) "Hieronymus"[11]، وەك باوکی کلیسای لاتینی واتە کلیسای ڕۆمی - کاتۆلیکی هاتۆتە حیساب.

نووسینە ئیعترافاتی ئاگۆستینۆس شەڕ و بەربەرەکانی لە نێوان ڕەهەندی جەستەیی و رەوانی مرۆڤ وێنا دەکەن. ئەوان نیشاندەری خەباتی کەسایەتییەکی دڵڕفێنن لە گەڵ خۆی و بیۆگرافییەکەی کە خوێنەر بەرەو ڕێگای خودا ڕێنوێنی دەکا. ئەو نووسراوانە مێژووی کەلەبچەکراوی گۆڕانکارییەکە، کە لە گەڕان بەدوای ئارامیی و دۆزینەوەی ڕاستەقینەی تەواو و کامیل دایە.

نووسینە ئیعترافاتەکەی شایەدیی سەردەمێك دەدەن کە مرۆڤ ناوی "سەردەمی ترس"ی لەسەر داناوە و دنیای ڕۆم بەرەو ڕووخان دەبات و خۆی بەسەر دوو بەشدا دابەش کردووە، رۆم بە هۆی خەڵکە کۆچکەرەکانەوە هێرشی دەکرێتە سەر، ساڵی ٤١٠ لە لایەن گۆتن "Goten" واتە پارسەکانەوە داگیر کراوە و لە ساڵی ٤٠٠ وانداڵەکان "Vandalen"[12] بە نێو پارێزگاکانی ڕۆمییاندا تێپەڕ بوون و ساڵی ٤٣٨ شاری کارتاژیان گرتووە. ئایینی مەسیحی بۆتە ئایینی فەرمی و حاکمی وڵاتەکە و جێی کولتووری قەیسەریی گرتۆتەوە. ستروکتوورەکانی حکوومەتی ڕۆمی خراونەتە ژێر گوشار و گۆڕانکارییەکی زۆر، کە لە ڕوانگەی مێژووییەوە مرۆڤ دەتوانێ بە کۆتایی پێهاتنی سەردەمی کەون دایبنێ. لەگەڵ ئاگۆستینۆس مێژووی ڕووناکبیری و سەردەمی مەسیحی سەدەی ناوەڕاست دەستپێدەکات.

---

[9] "ئامبرۆز"ی مایلاند، قەشە و سیاسەتوانی ڕۆمیی.
[10] "گریگۆر" پاپای مەسیحی بووە.
[11] هیرۆنیمۆس مرۆڤێکی ئایینی مەسیحی بووە کە وەك مرۆڤێکی پیرۆز و باوکی ئایینی مەسیحی ناسراوە.
[12] وانداڵ خەڵکێکی ناوچەی گێرمانەکان بوون.

ئاگۆستینۆس ڕەخنەی زۆر توندی خۆی ئاراستەی ناوەڕۆکی ئەو پەروەردەیە دەکات کە لە قوتابخانەکانی ئەو سەردەمەدا دەرس دەدرانەوە، و بە دوور خستنەوە لە ڕێگای خودای دادەنێ. هەروەها ڕەخنە لە نەفسانی بوون و چێژی جینسی دەگرێ و بە تێر و تەسەلی لەسەر کارە هەڵەکانی چێژ هێنەر بۆ جەستەی مرۆڤ دەدوێ و پەیوەندییان دەدا بە هەڵس و کەوتی هەڵەی حاکمانی بەڕێوەبەرەوە، کە لەجیاتی زیاتر ڕێنوێنی مرۆڤ بەرەو ڕێگای خودا و ئایین بکەن، مرۆڤ بەرەو هەڵە کردن و گوناهباری ڕێنوێنی دەکەن. هەروەها بە شێوەیەکی سووکانە، سەردەمی منداڵی خۆی وێنا دەکا کە پڕ بووە لە هەڵە و گوناح، ڕێگای هەڵەی ڕۆحی و فیکری خۆی بۆ چوون بەرەو فەلسەفە و ئایینی مانی ڕوون دەکاتەوە.

نووسراوەی ئیعترافاتی ئاگۆستینۆس تێکەڵاوێکن لە هاواری بۆ ڕێگای خودا و لێکدانەوەی فەلسەفی – ئایینی و بیوگڕافی. ١٣ پەرتووکی ڕوویان لە خودایە و بە شێوەیەکی لێزانانە شێواز و حیرفەی نووسەر نیشان دەدەن کە خوێنەر خۆی تێدا دەبینێتەوە. نووسراوەکانی ئاگۆستینۆس کارتێکەرییەکی قووڵیان لەسەر دنیای مەسیحیی ڕۆژئاوا بووە. بەهۆی پەیوەندایەتی هەڵس و کەوتی فەلسەفی و باوەڕی مەسیحی، دەکرێ ئاگۆستینۆس بە باوکی ئایینی دابنرێت.

## هێرۆدۆت "Herodot"

هێرۆدۆت، مێژوونووسی یۆنانی لە ساڵی ٤٨٥ی پێش زایین لە شاری هالیکارناسۆس "Halikarnassos" کە ئەمڕۆ بە ناوی بۆدروم "Bodrum" ناسراوە، هاتۆتە دنیا و ساڵی ٤٢٥ی پێش زایین لە شاری تۆریوی "Thurioi" لە باشووری ئیتالیا کۆچی دوایی کردووە. هێرۆدۆت سەفەری ناوچەکانی ئاسیای بچووك، مێزۆپوتامیا، میسر و زەریای ڕەشی کردووە.

دوای ئەوەی هێرۆدۆت لە سەردەمی گەنجیدا شاری لە دایکبوونی خۆی بەهۆی کێشەی سیاسیەوە بەجێ هێشت، چوو بۆ دورگەی سامۆس لە یۆنان. لەوێوە سەفەری کرد بۆ ئەو وڵاتانەی ئەو سەردەمە لە یۆناندا زۆر ناسراو بوون وەك: ئاسیای بچووك، مێزۆپوتامیا، میسر، لیبی و باکووری زەریای ڕەش.

هێرۆدۆت ماویەکی زۆر لە شاری ئاتێن ژیاوە. بەهۆی هێرۆدۆتەوە نووسینی مێژووی دنیای ڕۆژئاوا دەستپێکردووە. کارەکانی کارتێکەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر مێژوو نووسینی سەردەمی کەوەن بووە کە سیسێرۆ "Cicero" نووسەری سەردەمی کەوەنی ڕۆمی ئەوی بە باوکی مێژوونووسان ناو ناوە.

مێژوونووسیی سیستماتیکی لە ئورووپا، هاوڕێ لەگەڵ "مێژووەکانی هێرۆدۆت" دەستپێدەکات. ئەو کارە یەك لە کاملترین و کۆنترین کاری مێژووییە کە هەر وەك خۆی بە زمانی یۆنانی و بێ گۆڕانکاریی ماوەتەوە. تا ئەمڕۆش جێی موناقشە و باسە کە ئایا هێرۆدۆت لەڕاستیدا ویستویە مێژووی شەڕی مەزنی نێوان یۆنانیەکان و ئێرانیەکانی (٤٧٨ - ٤٩٩ی پێش زایین) بگێڕێتەوە یاخود مەبەستی نووسینی ئێتنۆگرافی (قەوم ناسی) ئەو ناوچانە بووە.

بە زاراوەی ئیۆنی هیرۆدۆت هەوڵی نووسینی مێژووی شەڕی نێوان یۆنانی و ئێرانیەکانی داوە کە وەچەیەك پێشتر زۆربەی ناوچەکانی یۆنانیان

کاول کردووە. یەك لە بیرۆکە سەرەکییەکان کە بە تەواوی کارەکەیەوە دیارە، دژایەتیی نێوان ئورووپا و ئاسیا، یۆنانی و بەربەرەکان واتە مرۆڤی چیانشین بووە. هێرۆدۆت بە دزین و فڕاندنی ئیۆ "Io" لە لایەن فینیقی "Phönizier" ەکان دەستپێدەکا و بە دزین و ڕاوەڕووتکردنی ئورووپا لە لایەن یۆنانیەکانەوە درێژەی پێ دەدا. لەڕێگەی ئەو ڕاستییانەوە هێرۆدۆت وردە وردە بۆچوونێك پەرە پێدەدا کە بەهۆی رەوتی مێژووی خەڵکەکانەوە کە بە بۆچوونی ئەو، کەم تا کورتێک هەڵس و کەوتی ئەو خەڵکانە کارتێکەری لەسەر بارودۆخی ناوچەکە داناوە، بەڵام سەرەڕای ئازادییان، لەژێر ویستی خوداکاندا دەمێننەوە. بەردەوام نیشانی دەدا کە بەهۆی هەڵس و کەوتی هەڵەی هەرکام لەوان و بەتایبەت بەهۆی لەخۆبایی بوون و لووت بەرزییانەوە کە لە لایەن خوداکانەوە زۆر بە توندی تاوان دەدرێن، بەدشانسی و بەخت ڕەشی بۆ کۆمەڵ بەدیاری دێنن.

هێرۆدۆت لە کارەکەیدا وێناکردنی ڕووداوەکانی ڕاستەقینەی مێژوویی لە سەردەمی شا کروزۆس "Kroisos" ی لیدییەکان دەستپێدەکات هەتا پێکهاتنی ئیمپراتۆری پارسەکان. دوای باسکردنێکی تێر و تەسەل سەبارەت بە گەورەبوونەوە و پەرەسەندنی ئیمپراتۆری پارسەکان، کە بووە هۆی داگیرکردنی ناوچەکانی مێزوپتامیا، میسر و ئاسیای بچووك، دەگەڕێتەوە سەر گێڕانەوەی مێژووی یۆنانیەکان. ئەو گێڕاوانە لە وێناکردنی خۆڕاگریی یۆنانیەکانی ژێر دەستی پارسەکان لە ئاسیای بچووکەوە هەتا دەستپێکی شەڕی سەرەکی نێوان پارسەکان و یۆنانیەکان دەگرێتە خۆ.

ئەو کارە ئەدەبییە لە پەنا ڕووداوەمێژووییەکان بەتایبەت بەهۆی سەرنجی ئێتنۆگرافییەکەیەوە کە پانتاییەکی گەوری ناوچەکە دەگرێتەوە، باس لەسەر ڕێسای کاری جوان چاکی، بڕوێن (ئەو دەرمانەی زك ڕەوان دەکات)، داب و نەریتی خواردن و هەروەها لە مۆمیایکردنی مردووەکانەوە هەتا تاج و تەختی پاشاکان دەگرێتەوە و لە گێڕانەوەی هێچ شتێك چاوپۆشی ناکا. لە نێوان ئەو هەواڵە مێژووییانەدا چەندین چیرۆك، حیکایەت و ئەفسانە دەگێڕێتەوە، بە شێوەیەك کە نەك هەر زیانێك بە کەیفیەتە ئەدەبییەکەی

ناگەیینێ، بەڵکوو بەرهەمێکی تەواو و کاملی شیکردنەوەی مێژوونووسینیی لێ دەردێنێ.

نووسراوەکانی هێرۆدۆت کارتێکەرییەکی مەزنیان لەسەر نووسەرانی سەردەمی کەوەن داناوە و تا سەدەی نۆزدەش وەك یەك لە گرنگترین کارەکانی مێژوویی یۆنان سەیر کراوە. دوای سەدەی نۆزدە ڕەخنەگرانی مێژووی زانستی بە چاوی گومانەوە سەیری ئەو نووسراوە و چەشنی مێژوو گێڕانەوەکەیان کردووە. دواتریش کۆنەناسان بۆچوونەکانی هێرۆدۆتیان سەبارەت بە بابلیەکان، میسر و سکاکان بە ڕاست داناوە. لەو ناوەدا هەمیسان سەلمێنراوە کە مێژووەکەی هێرۆدۆت لەسەر شەڕی پارسەکان کەم تا کورتێک لە ڕاست دەچێ و کارەکەی نەک هەر لە ڕوانگەی ئەدەبییەوە پڕ بایەخە، بەڵکوو وەك سەرچاوەیەکی گرنگی مێژووییش لە ئەژمار دێ.

www.rojhalat.de / www.bokan.de



"نووسەر:نەناسراو"

## بیۆلف ئۆت بیۆلف "Beowulf OT Beowulf"

کاتی پێکهاتنی بەرهەمەکە سەدەی ٧ / ٨ (؟)ی زایینی بووە. ساڵی ١٨١٥ ئوریگیناڵەکەی لە چاپ دراوە و ١٨٤٠ لە ١٩١ لاپەڕەدا بە زمانی ئاڵمانی چاپکراوە.

لە مێژووی ئەدەبیدا بیۆلف کارێکی تایبەتی بووە. ئەو نووسراوەیە تەنیا کاری ئەدەبیی سەردەمی خۆی بووە کە خۆی بە گێڕانەوەی ڕووداوەکان یاخود چیرۆکی نەتەوەییەوە خەریك نەکردووە. پەیوەندیدانی بە وڵاتی ئینگلیزەکانەوە تەنیا بەو هۆیەوەیە کە تاقە دەستنووسی بەجێماوی لە ساڵی هەزاردا لە لایەن مرۆڤێکی ڕۆحانییەوە بە زاراوەیەکی کۆنی ئینگلیزی نووسراوە و لە مووزەی بریتانیا ڕاگیراوە.

ئایا ئەو کارە مێژوویی - ئەدەبییە لە ڕووی ئوریگینالەکەیەوە نووسراوەتەوە یا وەرگێڕاوەیە؟ چ کەسێك نووسەری ئەو کتێبە بووە؟ زۆر پرسیاری تریش لەو بارەیەوە لە تاریکیدا ماوەتەوە. بەڵام بێ شك ئەو کتێبە کە لە ٣١٨٢ دێڕە شیعری دوور و درێژ پێکهاتوە یەك لە کۆنترین و کاملترین کۆکراوەی شیعری حەماسی یە لە ئوروپا.

ئەو ڕاستییە زۆر جێی سەرسووڕمانە کە نووسەرەکەی لە ڕوانگەی زمانەوانی و شێوەی نووسینەوە، کەڵکی لە زۆر سەبک و شێوازی جیاجیا وەرگرتووە. بۆ وێنە لە سەبکی نووسینی ئیرلەندا و سکاندیناویا و هەروەها سەبکی ناوەڕاست و باشووری ئورووپا، بەتایبەت زۆر ڕوونە کە سەبکی ویرژیل و بەرهەمە گرنگەکەی "Aeneis" کارتێکەری لەسەر نووسەری ئەو حەماسەیە هەبووە.

بەجەرگی و تۆلەرانس بە شیعرەکانییەوە دیارە و ئیدئالبوونەکەی لەگەڵ سەردەمی کەون و مەسیحییەتدا پەیوەندی دەدات. لە یەکەم بەشی کتێبەکەدا

باس له دیوانی شای دانمارکی به ناوی هرۆتگار "Hrothgar" دەکا. دێوێک به ناوی گرێندل "Grendel" دێته ناو هۆڵی قەسرەکەوە. به هۆی خواردنەوەی تراویلکەیەکەوە هەموو ئەشراف و کێشکچییەکانی ناو قەسرەکە دەکەونە خەوێکی قورس و گرانەوە. دوازده ساڵی ڕەبەق ئەو هۆڵە، ئەو جێگا لەعنەت لێکراوە، لەو بارودۆخەدا دەمێنێتەوە. ڕۆژێك لە ڕۆژان، مرۆڤێکی ئەسپ سواری بێگانە، کوڕه شازادەیەك به ناوی"بیۆلف" دێته ئەو ناوە. تەڵەیەك بۆ دێوەکە دادەنێ و دەستی دێوەکە دەپەڕێنی، بەڵام به بێ ئەوەی بتوانێ بیکووژێ، گرێندل دەرباز دەبێ. دوای ماوەیەك دایکی دێوەکە بۆ تۆڵە ساندنەوەی کوڕەکەی هێرش دەکاته سەر ئەو قەسرە. بیۆلف ڕاوەی دەنی و هەتا ئەو جێیەی لێی دەژی وەدوای دەکەوێ. لەوێ لە ژێر ئاودا ئەو دایك و کوڕه دێوە به شمشیرێکی زۆر درێژ دەکووژێ.

جێی ئاماژە پێکردنە کە لەم چەند ساڵەی دواییدا کورتکراوەیەکی ئەو حەماسەیە بە زمانی ئینگلیزی بۆ منداڵان نووسراوەتەوە کە لە لایەن کاك ئەنوەر سوڵتانییەوە وەرگەڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لە لایەن بنکەی چاپەمەنی "مانترا لینگوا"وە لە لەندەن وەک کتێبێکی دوو زمانەی ئینگلیزی و کوردی بڵاوکراوەتەوە. ناوی کتێبەکە بریتییە لە: "بیووڵف و چۆنیەتی شەڕکردنی لەگەڵ گرێنداڵ- حەماسەیەکی ئەنگلۆساکسۆنی".

دووهەم بەشی کتێبەکە باس لە چالاکییەکانی دیکەی بیۆلف دەکا. بە هۆی ئازایی و نەترسی، خەڵاتی دەدرێتێ و دەگەڕێتەوە بۆ شوێنی ژیانی و لەوێ دەبێتە شا. دوای تێپەڕبوونی ٥٠ ساڵ حکوومەتی پڕ لە ئاشتی و ئارامی، بیۆلف ناچار بە شەڕکردن لەگەڵ هەژدیهایەك دەکرێت؛ هەژدیهاکە نیوەی وڵاتەکەی لێ وێران کردبوو. لە غارێکدا هەژدیهاکە دەکووژێ بەڵام خۆشی بەهۆی گازلێگرتنی هەژدیهاکە و ئەو ڕاستییەوە کە ژارێکی زۆر چووبووە لەشیەوە، دەمرێت.

پشکنین لەسەر ئەو کارە ئەدەبییە تا ئەمڕۆ هیچ بە هیچ ئاکامێک نەگەیشتووە و ڕوون نییە بۆچی تەنیا یەك نوسخە لەو کارە بە جێ ماوە و ئەویش هیچ ڕەنگدانەوەیەکی لە کارە ئەدەبیەکانی دوای خۆیدا نەبووە.

## مۆرازاكی شیكیبوو "Murasaki Shikibu"

مۆرازاكی شیكیبوو نووسەرێكی ژنی ژاپۆنی بووە كە ساڵی ٩٧٨ لە شاری كیۆتۆ "Kyoto" لەدایك بووە و ساڵی ١٠١٦ كۆچی دوایی كردووە. مۆرازاكی لە بنەماڵەیەكی ئەشرافی ژاپۆنیدا لە دایك بووە. بنەماڵەكەی لە بواری سیاسیدا زۆر چالاك بوون و باوكی فەرماندار بووە. لە ڕاستیدا ئەو نووسەرە لە كاتی خۆیدا بەو ناوە ناسراو نەبووە، چونكە لە سەردەمی پادشایی "هیان"[13]دا ئەو كارە بە داب و نەریتێكی هەڵە دانراوە كە كچ و ژن بە ناوی بنەماڵەكەیانەوە، ناوببرێن. ساڵی ٩٩٨ زەماوەندی كردووە و كچێكیان بووە و ساڵی ١٠٠١ مێردەكەی كۆچی دوایی كردووە. ماویەكی كورت دوای ئەوە كە ساڵەكەی نادیارە، چۆتە خزمەت قەیسەری ژاپۆن كە ژنێك بووە بە ناوی ئاكیكۆ"Akiko". لەو قۆناغە بەدواوە ئیتر ڕێگای چالاكی ئەدەبی بۆ كراوەتەوە.

مێژووی شازادە گەنجی "Die Geschichte vom Prinzen Genji" كە مۆرازاكی لە سەرەتای سەدەی یازدەدا نووسیویەتی تێكەڵاوێكە لە گێڕاوەكانی دیوەخانی قەیسەری لە سەدەكانی ناوەڕاستدا. بەشێكی بەرچاوی ئەو كارە ئەدەبییە لەسەر پاڵەونیی شازادە گەنجی دەگەڕێت. دایك و باوكی گەنجی قەیسەر بوون. بە لاویەتی دایكی مردووە و باوكی لەگەڵ ژنێكیتر زەماوەندی كردووە. شازادە گەنجی دەبێ لەگەڵ زڕدایكەكەی نیزیكی كردبێ و كوڕێكیان بووبێ كە بۆ جێنشینی قەیسر هەڵبژێردراوە.

كارتێكەری ئەو نووسراوەیە لەسەر مرۆڤی ئە سەردەمە ئێكجار زۆر بووە. دیارە ئەو كارە تەنیا ڕۆمانێك بووە، بەڵام كێشەكان، پەیوەندی و چلۆنایەتی هەڵس و كەوت و ژیانی بنەماڵەیەكی ئەشرافی كۆمەڵگای ئەو سەردەمەی ژاپۆن وێنا دەكەن.

---

[13] سەردەمی "هیان" مێژوویەكی كاتییە لە ژاپۆن كە لە ساڵی ٧٩٤ وە هەتا ١١٨٥ دەگرێتە خۆ.

کتێبی مۆرازاکی سەرچاوەیەکی گەڵێك دەوڵەمەندە لەبواری مێژووی فەرهەنگی و مۆنۆگاتاری[14] شازادە گەنجی و وێناکردنێکی پسۆڕانە و نیشاندانی وێنەیی جل و بەرگ و کەرەستەکانیتر. هەروەها لە ڕوانگەی زمانەوانیشەوە ناوەڕۆکێکی زۆر بە کەڵکی هەیە بۆ ئاخافتنی بە ئەدەبانەی ئەو سەردەمەی ژاپۆن. ئەو نووسراوەیە لە سەدەی دوازەدا وەك گوناهێک، تف و لەعنەتی لێ کراوە بەڵام لە سەدەی ١٨ دا ئەدیبی ژاپۆنی مۆتووری نۆریناگا "Motoori Norinaga" (١٨٠١ - ١٧٣٠) وەك دەربڕینی هەستێکی ڕاستەقینەی مرۆڤی ژاپۆنی ناوبردەی کردووە.

---

[14] مۆنۆگاتاری گێرانەوەی تەوەرێک یاخود چیرۆکێکە بە شێوەی کارتۆنی.

"نووسەر: نەناسراو"

## هەزار و یەك شەو "Tausendundeine Nacht OT Alf Laila waLaila "

کاتی پێکهاتنی کتێبەکە سەدەی ١٨ – ١٠ ی زایینی بووە، یەکەم دەقی ئاڵمانییەکەی ساڵی ١٨٣٨ تا ١٨٤٠ لە سێ کتێبدا چاپ کراوە. پەرتووکی هەزار و یەك شەو نە کۆنترین و نە هەمەگیرتر و کامیلترین نووسراوەیە، بەڵام بە دڵنیاییەوە گرنگترین کۆکراوەی چیرۆك، مێژوو و شیعری دنیای رۆژ هەڵاتە کە لە هەموو گۆشەیەکی ئەم جیهانە ناسرابێت. ئەو نووسراوانە کارتێکەریان لەسەر زۆربەی بیرمەندان و شاعران داناوە لە شارل مونتسکیو "Charles de Montesquieu " وە هەتا سەلمان روشدی.

لە گێراوەی سونەتییەوە کە لە رێگەی چیرۆکی کچە وەزیرێکی ژیر بە ناوی شەهرزاد کۆکراوەتەوە، نووسراوەیەکی عەرەبی زمان کە زۆربەی چیرۆکەکانی لە رووی کتێبی فارسی هەزار رووداو " Tausend Abenteuer" وەرگیراوە. هاوکات لەگەڵ ئەوەیدا کە چوارچێوەی گێراوەکان زیاتر لە هەزار ساڵە لە رۆژئاوا نەگۆر ماونەتەوە، بەڵام ئەو چیرۆکانەی وا شەهرزاد لە پەرتووکی هەزار و یەك شەودا دەیانگێرێتەوە، گۆرانکارییەکی زۆریان بەسەردا هاتووە. کۆکراوەی گێراوەکانی ئەمرۆی ناو کتێبەکە، ئاسەواری لای کەم چوار سەرچاوەی پێوە دیارە کە کۆنترینیان سەرچاوە هیندییەکانە. دوای ئەو، سەرچاوەی فارسی، میزۆپوتامیایی و میسریش گۆرانکارییان بەسەردا هێناوە. دواتریش ئەو کارە ئەدەبییە بە وەرگەرانی بۆ سەر زمانە ئورووپایەکان کە لە سەدەی هەژدەوە دەستپێکردووە، بەتایبەت چیرۆکی عەلائەددین و چرای جادوویی کارتێکەری ئورووپاییشی پێوە دیارە.

لەبەر ئەوەی شەهریار شا لە لایەن ژنەکەیەوە فریو دراوە، عادەتێکی سەیر و سەمەرەی تێیدا پێك دێ کە هەر رۆژەی لەگەڵ کچێکی باکرە زەماوەند بکا و دوا شەوی هەمان رۆژ بیکووژێ! بۆ یەکەمجار کیژی وەزیرەکەی خۆی، شەهرزاد، دەبێتە هۆی دەرمانکردنی ئەو خوو خدە

ناحەزەی شا: شەهرزاد شەوانە چیرۆکێك بۆ شا دەگێڕێتەوە کە بە ڕووناکبوونەوەی وڵات بە بێ ئەوەی کۆتایی پێ بێنێت، ڕایدەوەستێنێ. شا کە ئەو چیرۆکەی زۆر لا خۆش هاتووە، بەڵێنی لە شەهرزاد ساندووە کە شەوی داهاتوو پاشماوەکەی بۆ بگێڕێتەوە. دوای ماوەی هەزار و یەك شەو کە ئیتر سێ کوڕی لە شەهرزاد بووە، چیرۆکەکە کۆتایی پێ دێ و ئیتر لە کوشتنی دەست هەڵدەگرێ.

ئەو چیرۆکانەی شەهرزاد دەیانگێڕێتەوە کەسایەتیی جیاوازیان هەیە: چیرۆکەکان بریتین لە ڕۆمان، خۆشەویستی و جینایەت، چیرۆکی زەریاوانی، ئەفسانە و حەماسە، حیکایەت و نەقڵ و ... . ناودارترین چیرۆکەکان بریتین لە عەلائەددین و چرای جادوویی، عەلی بابا و چل دز و هەروەها سەندبادی بەحری. لەو چیرۆکانەدا مرۆڤ هەست بە کێبەرکێیەکی ماندار دەکا کە ناوەرۆکی لە قسەی نەستەق، نوکتەی پێشینیان و پەروەردەکردنی مرۆڤی بەرپرس پێکهاتوون بە شێوەیەك کە دەتوانرێت ناوی نووسراوەی "فێرکاری پەند"یان لەسەر دابنرێت. لەو ناوەشدا لە زۆربەی چیرۆکەکاندا شیعری تێدا جێکراوەتەوە کە ژمارەی ئەو شیعرانە دەگاتە هەزار فەرد بەڵام زۆرایەتی دەقی چیرۆکەکان بە شێوازی پەخشان نووسراون.

لە ڕوانگەی کارتێکەریی مێژوویی بۆ سەردەمی خۆی گرنگاتەتییەکی زۆری لەناو کۆمەڵگاکاندا هەبووە و لەو ئاکتەرانەی خوارەوە پێکهاتووە: دێو و درنجی جادووگەری بە هێز، جندۆکە و عیفریت، مرۆڤی لە ڕادەبەدەر دەوڵەمەند، بازنەی سیحر و جادوو، چرای جادوویی و فەرشی باڵندە. ژیانێکی پڕ لە چالاکیی جیاواز، بۆ وێنە نیزیکی سێکسی لە چوارچێوەیەکی ئازاد و کراوە بەڵام سەرەڕای ئازادبوونی، سنوور و ڕەنگاڵەی هەڵس و کەوتی ئایینیشی پێوە دەبینرێت.

لە ڕوانگەی کاتی و مەکانییەوە ئەو چیرۆکانە پانتاییەکی بەربڵاویان هەر لە پاڵەوانەکانی پەرتووکی ئینجیلەوە هەتا سازکردنی چەکەمەنی لە ئیمپراتۆری فرانکەکان و چین لێ دروست بووە. بەتایبەت زۆربەی

چیرووك و گێڕاوەکان لە خەلیفەکانی شاری بەغدا دەدوێن وەك هاڕوون ئەلڕەشید (٨٠٩ - ٧٦٣)، کە دوای مردنی وەك کەسایەتییەکی حەماسیی مێژوویی لێ دێت و دەکرێ لەگەڵ 'کارڵی مەزن'ی دنیای ڕۆژئاوا هەڵسەنگێنرێت.

ئەو چیرۆکە کۆکراوانەی هەزار و یەك شەو لە ئورووپا وەك هونەری پاردیگمای ڕۆژئاوایی سەیر دەکری. لە سەدەکانی ١٨ و ١٩ و کاتی وەرگێڕانیان بۆ سەر زمانە ئوروپاییەکان، ئەو پەرتووکە لە لایەکەوە ڕوانگەیەکی لاساری و زۆرداری و لە لایەکیتریشەوە تامەزرۆیی و چێژی حەرەمسەرا و ژیانێکی پڕ لە خۆشی و بەختەوەری بۆ ئورووپاییەکان وێنا دەکا. تەنانەت کارتێکەری لەسەر شاعیری بەناوبانگی ئاڵمانی "گۆتە" بووە، کە گوتوویە: "زۆر ئەستەم دەکری کارێکی باشتر لەو کارە ئەدەبییە بدۆزرێتەوە".

## نووسەر: نەناسراو

### سروودی نیبلۆنگەکان "Nibelungenlied OT Der Nibelunge Not "

سەردەمی پێکهاتنی کارەکە دەوروبەری ساڵی ١٢٠٠ بووە، یەکەم چاپ ساڵی ١٧٥٧ بەشێوەیەکی ناتەواو و ئینجا لە ساڵی ١٧٨٢ تەواوی کتێبەکە لە چاپ دراوە. سروودی نیبلۆنگەکان کە نووسەرەکەی نەناسراوە، یەك لە ناودارترین سرودە حەماسییەکانی ناو زمانی ئاڵمانی لە سەدەکانی ناوەڕاستە. بە گشتی دەتوانین بەسەر دوو نەکسەدا دابەش بووە. یەکەم نەکسە لەسەر پاڵەوانی زیگفرید "Siegfried"ی هەژدیها کوژ دەدوێ، و دووهەم نەکسەش باس لە ژنەکەی کریمهیلد "Kriemhild" دەکا، کە بە ناوی تۆڵەسەندنەوە ناوی دەرکردووە. سروودی نیبلۆنگەکان لە ٣٩ بەش و نیزیکەی ٢٤٠٠ شیعر پێك هاتووە. سروودی نیبلۆنگەکان باس لە ژیانی پڕ لە شانازی ناو دەربار و چەند شەڕی خوێناوی دەکات. قسە لەسەر خۆشەویستی و مردن، وەفاداری و تۆڵەساندنەوەی بێ بەزەییە. بیری خەمناك کە کۆتایی بە هەموو خۆشییەك دێنێ، بە درێژایی کارەکە، پێیەوە دیارە. لە حەسار(دیوەخانی) بۆرگوندی لە شاری وورمس "Worms" شا گونتەر "Gunther" حاکمە و خوشکێکی جوانی بەناوی کریمهیلد هەیە. زیگفرید خۆی کوڕە شایە و پاڵەوانێکی شاری خانتن "Xanten"ی ئاڵمانە و بۆ زەماوەند لەگەڵ خوشکی شا هاتۆتە شاری وورمس. هاگن فۆن ترۆنیە "Hagen von Tronje" جادووگەرێکی ژنە لە دەرباری شا، باسی پاڵەوانی زیگرفید بۆ شا دەگێڕێتەوە کە چلۆن بە شمشیرەکەی هەژدیهایەکی کوشتووە و بەهۆی خۆ شوشتنی لە خوێنی هەژدیهاکەدا، بۆ هەمیشە لەشی خۆی لە بەرانبەر هەموو ئێش و ئازارێك پاراستووە.

کاتێ گونتەر شا بۆ چاولێکردن و زەماوەند لەگەڵ شاژنی جوان و ئازا بروونهیلد "Brünhild" سەفەری ئیسلاند دەکات، زیگفرید کە بەڵێنی زەماوەندی لەگەڵ خوشکی پێداوە، لەگەڵ خۆی دەبا. بروونهیلد دەیەوێ تەنیا شوو بەو کەسە بکا کە بتوانێ لە شەڕدا شکستی بدا. زیگفرید بە کڵاوە جادووییەکەی یارمەتی گونتەر دەدا و شەڕەکە دەبەنەوە. لە حەساری

بورگوندە لە نێوان "کریمهیلد" کە لێرەدا بۆتە ژنی زیگفرید و شاژنی نوێ "بروونهیلد"، کێشە و ناخۆشی دێتە ئاراوە کە کاتی گەڕانەوە بۆ شاری وورمس کامیان پێشیەتی و ئەولەوییەتیان هەیە. کریمهیلدی رق ئەستوور بۆ برۆونهیلدی ڕوون دەکاتەوە کە هاوسەری کامیان ڕاستەقینە تر بێ، ئەو کەسە پێشیەتی هەیە. برۆونهیلد بە دوو دڵییەوە داوای یارمەتی لە هاگن دەکا کە کەسایەتییەکی ژنی جادوگەری ناو ئەو چیرۆکەیە. هاگن دەبێتە هۆی بیر کرنەوەی شا گونتەر لە کوشتنی زیگفرید کە وەك خەنیم و ڕقەبەرێکی ئازا و بە هێزی لە بەرانبەر خۆیدا دەبینی.

هاگن بە بیانوی پارێزگاریکردن لە زیگفرید کریمهیلد دێنێتە سەر ئەو قەناعەتە کە تەنیا جێگای زەفەر بردن بەسەر زیگفرید بەهۆی خاچێکەوە دیاری بکا. ئەوکاتەی زیگفرید لە خوێنی هەژدیهاکەدا حەمامی کردووە، گەڵایەك کەوتۆتە سەر شانی و تەنیا لە جێی ئەو گەڵایەوە دەکری بریندار بکرێ. لە کاتی ڕاودا زیگفرید کە بێ چەك لەسەر کانییەك خەریکی ئاوخواردنەوە بووە، هاگن بە خەنجەرێك لە پشتەوە دەیکووژێ.

کریمهیلد بۆی ڕوون دەبێتەوە کە قاتڵی مێردەکەی هاگن بووە و سوێندی تۆڵە ساندنەوە دەخوا و بەو شێوەیە بەشی دووهەمی ئەو کارە ئەدەبییە پێکدێ.

سروودی نیبلۆنگەکان بە ئەگەری زۆر لە نێوان ناوچەکانی "پاساو" "Passau"ی ئاڵمان و شاری"ڤیەن" ی وڵاتی ئوتریش (نەمسا) خوڵقێنراوە. ئەو سروودانە کۆکراوەی ئەو گێڕاوانەیە کە لە سەدەی چوار تا شەشەوە زمان بە زمان گەڕاوە و لە لایەن خەڵکانی ئەو ناوچانەوە گێرراوەتەوە.

تا سەردەمی دۆزینەوەی دووبارەی و نووسینی بە زمانی ئاڵمانی نوێ لە لایەن نووسەر و فیلەسۆفی سویسیەوە یۆهان یاکۆب بۆدمەر (١٦٩٨ تا ١٧٨٣) "Johann Jakob Bodmer"، ئەو کارە ئەدەبییە وون مابۆوە. دواتر ئەو کارە بە گورجییەکی زۆر لە ناو خەڵکدا ناوی دەرکردووە.

## گۆتفريد فۆن شتراسبۆڕگ (Gottfried von Straßburg)

نووسەری ئاڵمانی، ساڵی ١٢٠٠ لە پەنا هارتمەن فۆن ئاوە ( Hartmann von Aue) و وۆلفرام فۆن ئێشنباخ (Wolfram von Eschenbach) سێهەم نوێنەری حەماسەی وقار(höfischen Epik)[15] بووە.

لەسەر ژیاننامەی گۆتفرید هیچ زانیارییەك بەدەستەوە نییە. تەنانەت ناوی شاری شتراسبۆڕگ کە بەوەوە ناوی دەرکردووە، دیار نییە ئایا شار و جێی لەدایکبوونی بووە، یاخود تەنیا جێیەک بووە کە ژیانی لێکردووە. گۆتفرید نووسەری گرنگترین ڕۆمانی ئاڵمانی بە ناوی "تریستان" (Tristan)ە. بەهۆی داڕشتنی پرسیاری فێرکردن و ڕاهێنان لە لایەن شاعیرەکەوە کە لە نووسراوەکانیدا ڕاستەوخۆ لە خوێنەرانی دەکا، نموونەی دروستکراوی وەستایانە، لێزانیی ڕەوانبێژی و شێوازی جوان و پڕبەهای کارەکانی نیشان دەدا. لە پەنا حەماسەی تریستان، گۆتفرید شیعری بە شێوەی سروود و گۆرانیش خوڵقاندووە. حەماسەی "تریستان"ی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٢١٠ و یەکەم چاپی لە ساڵی ١٧٨٥ دا بووە.

گۆتفرید نیزیکەی ١٩٥٤٨ شیعری بەرهەم هێناوە کە وەك باشترین کاری ئەدەبی سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاست سەیر دەکرێن. ناوەڕۆکی حەماسەی تریستان دەگەڕێتەوە بۆ ڕیشەی زمانی 'سەلت'ی. تریستانی هەتیو لە فەننی زمانەوانی و موسیقادا هەروەها لە پسپۆڕایەتی ئەسب سواریدا(شوالی) ڕاهێنراوە. لە تەمەنی چاردەساڵیدا لە لایەن تاجرانی ئینگلیزییەوە ڕفێنراوە و لە قەراخ ئاوی کۆرنوال "Cornwall" بەڕەڵا کراوە. هەر وەك دواتر ڕوون دەبێتەوە، شای ئەو جێیە، مامی تریستان بووە. لە بەربەرەکانی لەگەڵ مۆرۆلد "Morold" ی غولدا سەرکەوتوو دەبی بەڵام خۆشی بە خەستی بریندار دەکرێت.

---

15 سەردەمی پەرەسەندنی شیعر و ئەدەبیات لە ئاڵمان ساڵی ١١٨٠ تا ١٣٠٠

لە کار ئەدەبیەکەی گۆتفرید واتە تریستان تەنیا ٢٧ نووسراوە (نوسخەی خەتی) بە دەستەوە ماونەتەوە. سەرنجڕاکێشتر لەوان شیعرەکانیەتی کە بە شێوازێکی زانایانە و جوان خوڵقاندوونی. کۆنراد فۆن وورتسبۆرگ "Konrad von Würzburg" (†1284) و رۆدۆڵف فۆن ئێمس "Rudolf von Ems" (†1254) وەك پێشڕەوی خۆیان ناویان لێ هێناوە و هەوڵیان داوە لاسایی بکەنەوە. گۆتفرید لە سەدەی ناوەڕاستدا زۆر ناودار بووە.

## وۆلفرام فۆن ئێشنباخ (Wolfram von Eschenbach)

وۆلفرام فۆن ئێشنباخ نووسەرێکی ئاڵمانی ساڵی ١١٧٠ ی زایینیە، دەبێ دوای ساڵی ١٢٢٠ کۆچی دوای کردبێ، بە ئەگەری زۆر لە نەتەوەی فرانکەکان و مووچەخۆری قەیسەری سەردەمی خۆی بە ناوی هێرمەنی یەکەم "Landgrafen Hermann I" بوو بێت کە لە دەرباری توورینگن حوکمی کردووە.

بەهۆی هەڵسەنگاندنی چەندین کاری ئاڵۆزی ئەدەبی ئەو سەردەمە، کاتی ژیانی لە مابەین ١١٧٠تا ١٢٢٠ مەزندە دەکرێت. سەرناوەکەی واتە ئێشنباخ دەگەڕێتەوە بۆ نەتەوەی فرانکەکان کە لە ڕۆژئاوی ناوچە گێرمانەکان ژیاون. دەبێ لە ناوچەکانی "مونیخ" و "تورینگن"ی ئاڵمانیش ژیابێ. نوکتەی گرنگ پلەی خوێندکاری ئەو نووسەرەیە، لە ڕۆمانی پارچیوال "Parzival"دا کە یەك لە گرنگترین کارەکانیەتی، گوتوویەتی کە توانایی خوێندنەوەی تەنانەت وشەیەکیشی نەبووە.

وۆلفرام فۆن ئێشنباخ بە نووسەری کتێبی پارچیوال ناوی دەرکردووە کە بریتیە لە شیعر، پەخشان و نووسراوەی کلاسیکی دیوەخان لە زمانی ئاڵمانیدا؛ تەنیا کتێبی پارچیوال لە ٩٠ دەستنووس پێکهاتووە. جگە لەو کارە، شیعر (ئاوازی ڕۆژانە) و هەروەها شیعری حەماسی زۆری لە پاش خۆی بەجێ هێشتووە کە ژمارەیان شیعرەکانی دەگاتە ٢٥٨١٠ و لە سەردەمی سەدەی ناوەڕاست زیاتر لە هەموو کارەکانی نووسەرانیتر خوێنراونەتەوە.

سەرچاوەی سەرەکی ڕۆمانی "پارچیوال" ی وۆلفرام لە گێڕاوەکانی پەرتووکی "Perceval ou li Contes del Graal"(١١٨٠/٩٠) کە نووسەرەکەی فەڕانسەوییەکە بە ناوی شەرتی دێ تراو "Chrétien de Troyes". (١١٣٠ - ١١٩١).

ڕۆمانی "پارچیوال" لە دوو بەشی "گێڕاوەی پارچیوال" و ریوایەتی گاوان "Gawan" کە ناوی شازادەیەک بووە، پێکهاتووە. هەر دوو بەشەکە بە گێڕانەوەی ژیاننامەی دایك و باوکی پارچیوال دەست پێ دەکەن. باوکی لە

شەڕدا دەمرێ و دایکی، هەوڵ دەدا کوڕەکەی لە ژیانی دیوەخانی ئەو سەردەمە ڕزگار بکات بۆ ئەوەی تووشی چارەنووسێکی هاوچەشنی باوکی نەبێت. پارچیوال چەندین ساڵ بە تەنیایی لە لێرەوارێکدا ژیاوە.

گێڕانەوەی پارچیوال خۆی لە چەند وێستگە پێکهاتووە وەك تامەزرۆیی بۆ زرێی شەڕ، بوون بە شوالیەی سوور و ... لە ریوایەتی گاوان دا ئەو کورە شایەش خۆی لە ژیانی دیوەخان ڕزگار دەکات، لە سەفەرەکەیدا تووشی چەندین شەڕ و ڕووداو و بەسەرهات دەبێ. گاوان و پارچیوال بە بێ ئەوەی یەکتر بناسنەوە دژ بە یەکتر دەکەونە شەڕەوە. دواتر دەبنە هەڤاڵی یەکتر و کۆتایی بە هەموو دوژمنایەتییەکانیان دێنن.

کارتێکەری زۆری ئەو ڕۆمانە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لەڕێگەی نووسراوەکانی دوای خۆیەوە دەسەلمێنرێت. لەساڵی ١٧٨٣ بەدواوە بۆ زیندووکردنەوەی ئەو کارە ئەدەبییە، چەندین جار وەرگێردراوەتە سەر زمانەکانیتر و بە تایبەت لە سەدەی ١٩ و ٢٠ دا گرنگایەتییەکی زۆری پێ دراوە.

## چاوسر، جفری "Chaucer, Geoffrey"

جفری چاوسر نووسەرێکی ئینگلیزییە، لە ساڵی ١٣٤٠ لە لەندەن لە دایك بووە و ڕۆژی ١٤٠٠/١٠/٢٥ هەر لە لەندەن کۆچی دوایی کردوە. کارەکانی جفری چاوسر وەك پردێک سەدەی ناوەڕاست و سەردەمی ڕێنسانس پێکەوە پەیوەند دەدەن. تێپەڕبوون بەرەو سەردەمی نوێ لە کارە بەردەوام و گرنگە ئەدەبییەکەی ئەودا بە ناوی "گێڕاوەکانی کانتربری" بە ڕاشکاوی دەبینرێت، گەرچی بە داخەوە نەیتوانی بیگەیێنێتە کۆتایی.

لە ساڵی ١٣٥٧ چاوسر لە خزمەت کورە تاجرێکی شەراب لە لەندەن و کۆنتێسی ئولستر، ژنی سێهەم کوری شا ئیدواردی سێهەم، دا (١٣٢٧ - ٧٧) وەك نۆکەر و بەر فەرمان لە ماڵدا کاری کردووە و بەو هۆیەوە زۆر زوو لەگەڵ ژیانی دیوەخان بۆتە ناسیاو. لە شەڕی سەدساڵەی نێوان ئینگلیز و فەڕانسەدا (١٣٣٧ تا ١٤٥٣) دا،لە ساڵی ١٣٥٩ تا ٦٠ وەك سەرباز لە فەڕانسە بەشداری شەڕەکە بووە و بە کۆیلە گیراوە و بە یارمەتی شا ئازاد کراوە. لە ساڵی ١٣٦٧ بۆتە پیاوێکی ماقووڵ و ئەشرافی لە خزمەت شا دا و هەروەها وەك بازرەسی گومرك لە دوڕگەکانی شاری لەندەن کاری کردووە. لە پەیوەندایەتی دیپلۆماسیدا سەفەری بۆ فلاندر[16]، فەڕانسە و ئیتالیا کردووە (١٣٧٢ / ٧٣ و ١٣٧٨) و لەگەڵ کارە ئەدەبیەکانی شاعیرانی ئیتالیایی بۆکاچیو "Boccaccio" و پێترارکا "Petrarca" ناسیاوی پەیدا کردووە.

لە قۆناخی سەردەمی زووی کارە ئەدەبییەکەیدا چاوسر ڕۆمانێکی کۆنی فەڕەنسەیی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی (ڕۆمانەکە لە سەدەی ١٣ دا نووسراوە). لە دووهەم قۆناخدا دەستی داوەتە ئەدەبیاتی ئیتالیایی لەبەر ئەوەی ئاوات و خواستی ئەدەبیاتی سەردەمی ڕێنسانس بووە. لەو

---

[16] فلاندر یەك لە سێ ناوچەی حوکومڕانی بلژیك بووە.

سەردەمەدا شێعر و هۆنراوەکانی "پارلمانی باڵندە"ی خوڵقاند (١٣٨٢) کە زیاتر ئاماژە بە زەماوەندی ریچاردی دووهەم (Richard II) دەکا. حەماسەی Troilus and Cresseyde لە ساڵی ١٣٨٥ بە چاولێکەری لە پێتراکا "Petrarca"[17] و وەك خۆشەویستی و هۆگریی بۆ ئەو، خوڵقاندووە. بەداخەوە چاوسر پێش مردنی، نەیتوانیوە کارە سەرەکیەکەی واتە "گێڕاوەکانی کانتربری" بگەیێنێتە کۆتایی.

دەقی ئاڵمانی گێڕاوەکانی کانتربری (OT The Canterbury Tales) OA 1478 لە ساڵی ١٨٢٧ لە ٣٦٨ لاپەڕەدا چاپ کراوە. چاوسر لەو گێڕاوانەیدا چەشنێکی نوێی ئەدەبیات دەخوڵقێنێ کە تا ئەو سەدەمە هیچ شاعیرێك نەیتوانیبوو ژیانێکی ڕاستەقینە بە زمانێکی تەواو خۆشەویستانە وێنا بکا.

گێڕاوەکانی کانتربری لە نێوان ساڵەکانی ١٣٨٧ و ساڵی کۆچی دوایی شاعیردا پێکهاتوون. ناوەڕۆکی گوتەکان و شێعرەکانی "گێڕاوەکانی کانتربری" دەگەڕێنەوە سەر نووسەرانی سەردەمی کەون کە لە سەرچاوەکانی سەدەی ناوەڕاست وەر گیراون. چاوسر لە کارە ئەدەبییەکەیدا لەگەڵ ٢٩ ژن و پیاو سەفەرێك و زیارەتێك دەخوڵقێنێ کە لە لەندەنەوە بەرەو قەبری پیرۆزی تۆماس بکت "Thomas Becket" لە ناوچەی کانتربری "Canterbury " درێژەی دەبێ. میواندارێکی مەیخانەیەك پێشنیار بە مسافرانی ئەو ڕێگایە دەکا کە بۆ تێپەڕبوونی کات، لە ڕێگا چیرۆك بۆ یەکتر بگێڕنەوە. هەر کام لە زیارەتکەران دەبوو دوو چیرۆك لە ڕێی چوون و دوو چیرۆک لە ڕێی هاتنەوەدا بگێڕنەوە. بەداخەوە بە مردنی چاوسر ئەو چیرۆکانە کە دەبوایە لە کۆتاییدا ژمارەیان بگاتە ١٢٠، ناتەواو مایەوە. بەشداران و مسافرانی ناو ئەو چیرۆکە ڕەنگدانەوەی مرۆڤەکانی کۆمەڵگای سەدەی ناوەڕاست لە شوالیە و ئاریستۆکرات(ئەشراف)ەوە هەتا بازرگان، کۆیلە، ژن و پیاوی ئایینی، ئاشەوان و چێشتکەر پێکدێن.

---

[17] فرانچێسکۆ پێتراکا شاعیرێکی ئیتالیایی بووە. (١٣٠٤ تا ١٣٧٤)

ناوەڕۆکی بابەتەکە زیاتر لەسەر خۆشەویستی، مێژووی شوالیەکان و چیرۆکی نێوان ژنێك و دوو شوالیە، یا ژنێك کە پێنج جار مێردی کردووە، مافی حاکمییەت و هەروەها تەوەری مێژوویی دەدوێن.

بەهۆی ژمارەی زۆری ئاکتەرەکانی ناو چیرۆکەکەوە، کە زۆربەی زۆری نوێنەرانی کۆمەڵگایان وێنا کردبوو، کارتێکەری ئەو کارە ئەدەبییە لە سەدەی پازدەهەمدا، بە شێوازێکی زیندوو و وەك کارێکی تازە و سەرسووڕهێنەر، یەك لە سەرکەوتووترین چیرۆکەکانی ناو خەڵکی لێ دروست کراوە.

## دانته ئاليجيرى (Dante Alighieri)

شاعير و فيلەسۆفى ئيتالیایى لە ساڵى ١٢٦٥ لە شارى فلۆرێنس "Florenz" لە دايك بووە و لە ڕێكەوتى ١٣٢١/٩/١٤ لە شارى راوێنا "Ravenna" كۆچى دوايى كردووە. لە ساڵى ١٢٩٥ەوە چالاكى سیاسى دژ بە كلیسا و پاپاى كاتیى دەستپێكردووە.

دانتە ئاليجيرى لە شارى فلۆرێنس گەورە بووە و لە بوارى زمانى كلاسيكى و هەروەها ڕێتۆرێكدا دەرسى خوێندووە. سەردەمى منداڵى و گەنجى لەگەڵ بيئاتريس پورتينارى "Beatrice Portinari"(١٢٦٦ - ١٢٩٠) كە كچى بانكدارێكى شارى فلۆرێنس بووە، تێپەڕ كردووە؛ دواتر دانتە لە شيعرە دڵدارىي و خۆشەويستييەكانيدا بە ناوى "ژيانى نوێ" كە لە نێوان ١٢٨٣ و ١٢٩٣ تا ١٢٩٥ خوڵقاندويەتى، ئاماژەى پێكردووە.

زۆر زوو دانتە خۆى لە كێشەى نێوان لایەنگرانى قەيسەر و پاپاى مەسیحیەكانەوە تلاندوە. ساڵى ١٢٨٩ لە بەرەى گوێئێلف "Guelfen" لە شەڕى كامپالدينۆ "Campaldino " دژ بە ئارتزۆ "Arrezzo" بەشدار بووە. لە ساڵى ١٢٩٥ەوە چالاكانە لە بەرەى قەيسەر دژ بە سیاسەتى كلیسا بەشدارىي كردووە. دواى سەركەوتووىي ئايينیەكان بەسەر قەيسەردا دانتە بە تاوانى مودیرییەتى قەڵب و تەزويرى، دادگايى دەكرى و لە مانگى مارسى ١٣٠٢ دا بۆ ماوەى دوو ساڵ لە شارى فلۆرێنس دەردەكرێت، دواتريش بە بێ بەشداربوونى خۆى لە دادگا، حوكمى كوشتنى بۆ دەردەچێ. لە ساڵى ١٣٠٣ وە ژيانێكى كۆچبەرى دەست پێ دەكا و لە كۆتاييدا دەمرێت ولە شارى راوێنا بە خاك دەسپێردرێت.

لە سەردەمى تاراوگەنشينيدا كارە سەرەكيە ئەدەبييەكەى خوڵقاند كە بە شێوازى شيعر بە ناوى "كۆمێدى خودايى" هەڵبەستووە. هەروەها دانتە هەڵبەست و شێعرێكى زۆرى لەسەر خۆشەويستى، شێوەكارى زمانەوانى، فيلەسۆفى، زانستى سروشتى و پێداهەڵگوتنى بەسەر وڵاتەكەيدا نووسيوە. بەهۆى بەكارهێنانى زاراوەى ناوچەكەى لەجياتى زمانى لاتينييەوە، بەردى بناغەى چەشنە شيعرێكى نوێى لە ئيتاليا دانا.

www.rojhalat.de / www.bokan.de

دانته وەك شاعیری میللی ئیتالیا لە ئەژمار دێ و تا ئەمڕۆش یەك لە گەورەترین شاعیرانی کلاسیکی ئوروپایە. مەزنترین خۆشەویستیی ئەو شاعیرە بۆ خەڵکانی ئوروپایی کارە ئەدەبییە گەورەکەی واتە "کۆمێدی خودایی"یە.

"کۆمێدی خودایی" دانتە یەك لە مەزنترین بەرهەمی ئەدەبی سەدەی ناوەڕاستە. لەوێدا ئیلاهیات، مێژوو، سیاسەت، ئەستێرەناسی، فیزیك، فەلسەفە، عیرفان و ئەدەبیات پێکەوە ئاوێتەی یەکتر دەبن. زۆربەی بەشەکانی ئەو کارە ئەدەبییانەی لە سەردەمی تاراوگە نشینیەکەیدا خوڵقاند کە بە ماوەیەکی کەم پێش کۆچی دوایی خۆی هێنایە کۆتایی. "کۆمێدی خودایی" لە ١٠٠ دەستە شیعر پیکهاتووە کە ڕێگای نێوان جەهەننەم و بەهەشت وێنا دەکا. نووسەر لەوێدا خۆی فیگوری سەرەکیی شیعرەکانیەتی. لە سەرەتاوە ڕێگای گوناهی لەناو لێرەوارێکی تاریکدا لێ ون دەبێ و ڕۆح لە قالبی ئاژەڵی دڕەندەدا هێرشی دەکەنە سەر و شاعیری سەردەمی کەوەنی ئیتالیا "ویرژیل"ی وەك ڕێگاپێشاندەر لەبەر چاو وێنا دەکرێ. وێرژیل لە هاوڕێیایەتی شێعرەکانیدا وەك نموونەیەك و پێشقەدەمێکی ئەدەبی، سەرگەردان و شێواو بەردەوام لە ناو جەهەننەم "Inferno" و ڕۆحی زیندوو کراوەی دوای مردن "Purgatorium"دا، لە هاتوچۆ دایە. ویرژیل وەك کەسایەتییەکی باشی ئینسانی لە سەرەتای بەهەشت بەهۆی خۆشەویستی بۆ بئاتریس "Beatrice" جێی خۆی بۆ ئەو شاعیرە گەنجە خاڵی دەکا. ئەو ژنە شاعیرە وەك هاوڕێیەك دانتە بۆ نیشاندانی هەموو دیوەکانی ناو بەهەشت هەتا وەرگرتنی زانیاری لەسەر خۆشەویستی و بینینی خودا، هاوڕێیی دەکات.

"کۆمێدی خودایی" کارێکی میللی ئیتالیاییە کە بۆ سەر هەموو زمانە زیندووەکانی جیهان وەك ئاڵمانی، یۆنانی، ئینگلیزی و سپرانتۆ وەرگێڕراوە و ئەوەندەی بزانم لەم ساڵانەی دواییشدا کراوەتە کوردی.

## سەردەمی ڕێنسانس (٦٠٠ - ١٥٠٠)

### بۆچاسکۆ جیۆڤانی "Boccaccio, Giovanni"

بۆچاسکۆ شاعیر و هومانیستی ئیتالیایی ساڵی ١٣١٣ لە کرتاڵدۆ "Certaldo" شارێکی نیزیکی فلۆرێنس لە دایك بووە و ساڵی ١٣٧٥ هەر لە کرتاڵدۆ کۆچی دوایی کردووە. لە ساڵی ١٣٣٢ لە زانستگەی ناپل دەرسی خوێندووە و ساڵی ١٣٤٠ وەك پارێزەری دادگا کاری کردووە. لە ساڵی ١٨٧٣ لەسەر "کۆمێدی خودایی" دانتە باس و لێکۆڵینەوەی کردووە.

بۆچاسکۆ جیۆڤانی کوڕی بازرگانێکی فلۆرێنسی و ژنێکی ماقووڵی فەڕانسی لە تەمەنی دە ساڵییەوە دەستی بە نووسینی شیعر و هۆنراوە کردووە. ساڵی ١٣٢٧ دەچێ بۆ ناپل بۆ ئەوەی ببێ بە بازرگان، بەڵام ١٣٣٢ دەرسی پارێزەری مافی بازرگانی دەخوێنێ و هەروەها شاعیرێکی کلاسیکی لاتینی لێ دەردێ. ساڵی ١٣٤٠ دەگەڕێتەوە بۆ فلۆرێنس و لەوێ وەك پارێزەر کار دەکات. ساڵی ١٣٤٦ یەکەم کاری ئەدەبی خۆی بە ناوی "Ninfalefiesolano"دەخوڵقێنێ. شاکارە ئەدەبیەکەی دکامرۆن "Dekameron" دوای تووشبوونی نەخۆشی تاعوونی ساڵی ١٣٤٨ خوڵقاند کە ئەویشی کردە قوربانی.

ساڵی ١٣٥٠ پێشنیاری کار لەگەڵ شاعیرێکی ناوبەدەرەوەی ئیتالیایی فرانسێسکۆ پیترارکا "Francesco Petrarca"ی پێ کرا. دۆستایەتییەکی زۆر قایم لە نێوانیاندا پێکاهات و بەهۆی ئەو شاعیرەوە هەستی هۆمانیستیی و مرۆڤ خۆشەویستی تێدا پەروەردە کرا. بۆچاسکۆ جیۆوانی لەگەڵ دانتە ئالیجیری و فرانسێسکۆ پترارکا سێ ئەستێرەی ئەدەبی ئیتالیای سەدەی ١٤ پێك دێنن.

دکامرۆن "Dekameron" لە نێوان ساڵەکانی ١٣٤٩ و ١٣٥٣ دا نووسراوە و لە ساڵی ١٤٧١ بە زمانی ئاڵمانی لە چاپ دراوە. بەو کارە کە یەك لە

گرنگترین و پڕ ماناترین کاری ئەدەبی سەردەمی خۆی بووە، نووسەران و شاعیران، هەروەها شانۆکاران وەك نموونەی بەرچاوی شیعری ڕۆژئاوایی سەیریان کردووە و چەندین کاری ئەدەبیان لێ خوڵقاندووە.

دکامرۆن لە ١٠٠ چیرۆك، ئەفسانەی چێکراو و ڕووداوی ڕاستەقینە پێکهاتووە کە لە سەردەمی نەخۆشی تاعوون لە لایەن حەوت ژن و سێ پیاوەوە دەگێڕدرێنەوە.

## برانت سباستیان "Brant, Sebastian"

نووسەری ئاڵمانی ساڵی ١٤٥٧ لە شتراسبۆڕگ هاتۆتە سەر دنیا، و ڕێکەوتی ١٠/ ٥/ ١٥٢١ هەر لە شتراسبۆڕگ کۆچی دوایی کردووە. سباستیان برانت کوڕی بنەماڵەیەکی ناوبەدەری شاری شتراسبۆرگ بووە و لە شاری بازل دەرسی یاسای زانستیی خوێندووە و دواتر لەوێ وەك مامۆستای یاسای زانستیی لە زانستگە دەرسی قوتابیانی داداوە. لە پەنا کاری زانستگە، کاری هەڵەگری تێکستی نووسراوەی کردووە و وەك ڕاوێژکار بۆ لە چاپدانی نووسراوە و کتێب چالاك بووە. ساڵی ١٥٠٣ گەڕاوەتەوە بۆ شتراسبۆرگ و هەتا کۆچی دوایی لەوێ ماوەتەوە.

سباستیان برانت مرۆڤێکی موحافەزەکاری کاتۆلیکێکی مەسیحی بووە و وەك شاروەندێکی هومانیست یاخود مرۆڤ خواز ڕێزێکی زۆری بۆ داب و نەریتی سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاست داناوە و بە ئیدەی مرۆڤخوازییەوە خوی بە مرۆڤە ئەدیبەکانی سەدەی ناوەڕاست و ئایینەوە خەریك کردوە.

برانت تەنزێکی ئەخلاقی بە ناوی "کەشتی شێتەکان" نووسیوە کە وەك کارێکی ئەدەبی لە سەردەمی سەدەی ١٦ و ١٨ دا زۆر ناوبەدەرەوە بووە. لە پەنا نووسراوەکانی خۆی، هەوڵی وەرگێڕانی کارە ئەدەبییەکانی سەردەمی کەون و سەدەی ناوەڕاستی داوە و خۆی بە نووسینی جوغرافیای - یاسایی و مێژووییەوە خەریك کردووە، هەروەها شیعری ئایینی - سیاسی گوتووە.

کتێبی "کەشتی شێتەکان"ی لە ساڵی ١٤٩٤ دا لە ١٥٨ لاپەڕە چاپ کردووە. ئەو کتێبە لە ١١٢ بەش پێکهاتووە کە باس لە لاوازیی مرۆڤ، تاوان و هەروەها ڕەنج کێشان دەکات و هەر کام لەو چەمکانە بەهۆی کەسایەتییەکی شێتەوە ڕوون دەکاتەوە. شێتەکان لەسەر کەشتی شێتان خەریکی سەوڵدانی کەشتین.

ئەو تەنزە ئەخلاقییە وەك كۆكراوەیەكی سووژەیی كارتێكەری لەسەر مرۆڤ دادەنێ و چەشنە كارێكی ئەدەبیە كە لە چواچێوەی سەرزەنشتی تاوانباربوونی مرۆڤ، ڕەخنەیەكی كاتیی لە سەردەمی خۆی پیكهێناوە.

سباستیان برانت لە سەردەمی گەنجیدا كەوتە بازنەیەكی مرۆڤخوازییەوە و مرۆڤی وەك یاكۆب ویمپفلینگ "Jakob Wimpfeling" شاعیر، مرۆڤخواز و مێژووناسی ئاڵمانی ببونە نموونەی ژیانی. ئیدەكەی، واتە ئاوێتەكردن و هەڵسەنگاندنی هەركام لە لاوازییەكانی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤێكی شێت، شۆڕشێكی نوێ لە زمانی ئەدەبی سەردەمی خۆی پێكهێنا.

هەركام لە بەشەكانی ئەو كتێبە بە سێ خەتی دروشمی شیعری دەست پێدەكا كە ئەخلاق و مورالّی ئەو بەشە دەست نیشان دەكات و گەمژایەتییەكی تایبەتی مرۆڤ دەخاتە بەر چاوی خوێنەر و دواتر بە شێوازێكی بەربڵاوتر و كامیلتر باس لە تەوەرەكە دەكات.

"هەموو مرۆڤێك شێتن" – ئەوە پەیامی ناوەندیی و سەرەكی "كەشتی شێتەكان"ە. لێرەدا "شێت بوون" سیمبولێكە بۆهەموو ئەو مرۆڤانەی لە ڕێگای خودا لایان داوە. جا چ بەهۆی زگ پەرستی، خەیانەتی هاوسەری، گوێ نەدانە ئایین، لاساری و قسەی زۆر و ... یا هەڵەكان و لاوازییەكانیتری مرۆڤەوە پێكهاتبن.

مەبەستی ڕاهێنانی ئەخلاقی كتێبەكە ئەوەیە كە مرۆڤ ئەو نووسراوەیە وەك ئاوێنەیەكی ئەخلاقی سەیر بكا، لەگەڵ هەڵس و كەوتەكانی خۆیدا هەڵیان سەنگێنێ و دەرسیان لێ وەربگرێت.

كتێبی "كەشتی شێتەكان" تا ساڵی ١٥٠٧ پێنج جار بە فەرمی لە چاپ دراوە و چەندین جاریش بە دزییەوە لە چاپیان داوەتەوە. ساڵی ١٤٩٧ بۆ سەر زمانی لاتینی و لەویشەوە وەرگێرراوەتە سەر سێ زمانی فەرەنسی، ئینگلیزی و هولەندی.

## ماکیاولی نیکۆلۆ "Machiavelli, Niccolò"

نووسەری ئیتالیایی ڕێکەوتی ١٤٦٩/٥/٣ لە فلۆرانس لە دایك بووە و ساڵی ١٥٢٧ هەر لە فلۆرانس کۆچی دوایی کردووە. لە زانستگە دەرسی دادپەروەری – مرۆڤخوازی خوێندووە و وەك کارمەند لە شاری فلۆرانس کاری کردوە.

نیکۆلۆ ماکیاولی لەگەڵ خوڵقاندنی کارە سەرەکییەکەی بە ناوی "شازادە" جووڵانەوەیەکی زۆری بەتایبەت لە ئاست شکاندنی داب و نەریتی مەسیحی – مێتافیزیکی، بیرداڕێژیی و باسێکی ڕەخناوی لەسەر یاسای وڵاتەکەی وەڕێخست.

ماکیاولی لە بنەماڵەیەکی تا ڕادەیەك هەژار بەڵام خوێندەواری شاری فلۆرانس گەورە بووە. زۆر زوو لەڕێگەی پەرتووکخانەی ناو ماڵیانەوە لەگەڵ کارە کلاسیکەکانی ئەو سەردەمە ناسیاویی پەیدا کرد. بە هۆی بلیمەت بوونیەوە لەو بوارەدا، وەك گەنجێکی ژیر، ڕێگای ناو دانیشتنەکانی ناو کۆماری فلۆرانسی ئەو سەردەمەی بۆ کرایەوە. ساڵی ١٤٩٨ بوو بە سکرتێری کاروباری دەرەوە و وەڵامدەری پرسیاری سەبارەت بە سوپا و دواتریش وەك سەدرئەعزەمی شووڕا هەڵبژێردرا. لەو ساڵانەدا سەفەرێکی زۆری بۆ دەرەوە و ناوەوەی وڵات کردووە. دانیشتن و گفت وگۆی لەگەڵ لودویگی دوازدەی فەرانسە، قەیسەر ماکسیمیلیان و یۆلیۆسی دووهەم- پاپای کاتی خۆی، کردووە. هەوڵەکانی لەسەر ئەو دانیشتنانە و شیکردنەوەیان، وێنەیەك لە پێکهاتە و بنەمای خاوەن هێزانی ئەو سەردەمە دەدات بە دەستەوە.

شەش ساڵ دواتر ماکیاولی لە ئیدارەکەی وەدەر نرا. میدیچی "Medici" وەك بنەماڵەیەکی ناوبەدەرەوە و بەهێزی شاری فلۆرانس ئەویان بە تاوانی پیلان زیندانی کرد. ماکیاولی لەو سەردەمەدا ڕەنجێکی زۆری کێشا بەڵام ئەوان نەیانتوانی تاوانەکەی بسەلمێنن. دوای ئازادبوونی لە ساڵی ١٥١٣ لەگەڵ ژن و منداڵەکانی گەڕایەوە بۆ شاری سان کاسیانۆ "San Casciano"

لە نیزیکی شاری فلۆرانس. لە دەساڵی دوای ئەو رووداوە زۆربەی کارە سیاسی – نیزامیەکان و نووسراوە سەڵتەنەتییەکانی، وەك ماندراگۆلا "Mandragola" (١٥١٨-١٥٢٠)، کە وەك سەرەکیترین یاریی کومێدی سەردەمی ڕێنسانس ناسراوە، کۆتایی پێ هێنان. لە ساڵی ١٥١٩ وە هاتا کۆچی دوایی سەرەڕای ڕێکەوتن و وەرگرتنی چەندین پەیماننامە لە لایەن بنەماڵەی میدیچیەوە هێشتا نەیتوانی کەسایەتی سیاسی پێشوی خۆی زیندوو بکاتەوە. یەك لەو پەیمان نامانە نووسینی مێژووی شاری فلۆرانس بوو کە لە لایەن بنەماڵەی میدیچیەوە پێی ئەسپێردرا.

"شازادە" ساڵی ١٥٣٢ لە ٦٩ لاپەڕەدا بە زمانی ئیتالیایی و ساڵی ١٧١٤بە زمانی ئاڵمانی وەك نووسراوەیەکی سیاسی لە چاپ دراوە. لەو نووسراوەیەدا ماکیاولی تیئۆرییەکی بۆ بیرداڕێژی لە وڵاتەکەیدا دۆزیوەتەوە کە وەك نموونەیەکی بێ هاوتا بۆ رۆحیەی ئەخلاقی وڵاتی لێ هاتووە.

ماکیاولی ساڵی ١٥١٣ هاوکات لەگەڵ نووسینی "شازادە" بەرهەمی دووهەمی دەست پێکرد کە باس و گفتوگۆ لەسەر دەیەی یەکەمی مێژووی ڕۆم بە ناوی تیتوس لیڤیۆس "Titus Livius" بوو کە هەشت ساڵی خایاند. ئەو کارە زیاتر لەسەر کارتێکەری چارەنووسی سیاسی خۆی ساغ ببۆوە: دوای دوورکەوتنەوە لە کارەکەی و هەروەها ئاواتی گەڕانەوەی بۆ سەر هێزی سیاسی پێشووی، بۆتە هۆی ئەوەی ژیانی خۆی لە ناوچەی سان کاسیانۆ بە شتێکی بێ فایدە و هەدەردانی کات دابنێ. لە کتێبی شازادە دا ناچاربوون بە پاشەکشێ و ناچالاکبوون لە ناو کۆمەڵگای سیاسی ئەو سەردەمە، ژیانێکی فانتازیای سیاسی بۆ پێکهێناوە کە بۆتە هۆی هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەك بۆ سەرکەوتوویی. هەروەها نووسراوەی شازادە بەرهەمی بارودۆخی سیاسی ئەو سەردەمەی ئیتالیایە کە نووسەر هەوڵی داوە بە شێوازێکی ناسیۆنالیستی، وڵاتەکەی لە کارتێکەری وڵاتانی بێگانە ڕزگار بکات.

نووسراوەکە لە تێکەڵاویی بارودۆخی سیاسی و مێژوویی ئەو سەردەمە پێکهاتووە. لەوێدا ئایین و پرەنسیپی ئەخلاقی بە مەبەستی ڕوونکردنەوە، شی دەکرێنەوە و نرخ و بەهایان لە وڵات و کۆمەڵگادا هەڵدەسەنگێنرێت. هەروەها بنەما و مەبەستی هەموو هەڵس و کەوتەکانی مرۆڤی ناو کۆمەڵگا بۆ پەرەپێدان و گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی ئازاد و پڕ لە خۆشیی دەناسێنێ. پرسیاری سەبارەت بە پاراستنی دەوڵەت بۆ ماکیاولی پرسیارێکی گەڵێك سەرەکییە و خوێنەر هان دەدات دەوڵەت لە کێشەکانی ئازاد بکات و مەبەستی کۆتایی، پێکهێنانی هەڵس و کەوتێکی ئینسانییە.

زۆربەی بزوتنەوە سیاسییەکانی دوای مردنی ماکیاولی، هەوڵیان داوە بە شێوازێکی وردبینانە خۆیان بە نووسراەکانیەوە خەریك بکەن. تا سەدەی هەژدەهەمیش نووسراوەکانی وەك تێزێکی سەرەکی و گرنگ لە ئورووپا سەیر کراوە. شۆڕشی ناسیۆنالیستی کە لەگەڵ شۆڕشی فەرەنسە لە ئورووپا دەستیپێکرد، بە تامەزرۆییەوە لە تێزەکانی ماکیاولی کەڵکیان وەرگرتووە و کارتێکەری ئەو نووسراوانە تا ئەمڕۆش هەستی پێ دەکرێت.

درێژەی هەیە ...